# بەرپرسیاریەتی تاوانکاری نێودەوڵەتی ئەنجامدانی جینۆساید

## (یەزیدیەکان وەك نموونە)

Doi: 10.23918/ilic2020.01

**د.شاری خالد معروف**

**دکتورا لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی**

**١–بەشی یاسا– فاکەلەتی یاساو زانستە سیاسیەکان و بەرێوەبردن،زانکۆی سوران،هەرێمی کوردستانی عێراق**

**٢–بەشی یاسا، کۆلیژی یاسا، زانکۆی نۆلج، هەرێمی کوردستانی عێراق**

**ئیمێل:sh.nanakaly@gmail.com**

## پێشەکی

تاوانی جینۆساید هەموو ئەوکردارانە دەگرێتەخۆی کە ئامانجی لەناو بردن و قڕ کردنی بەشێك یا هەموو ئەندامانی پێکهاتەیەکی نەتەوەیی یان ئاینی یان کلتوری دیاریکراوە، هەروەك کۆمەڵەی گشتی رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان لە ١١/کانونی یەکەمی ساڵی ١٩٤٦جەختی لەسەر دەکاتەوە کە دەڵ تاونێکە دژی هەموو مرۆڤایەتیە، کە دەبێ هەموو رێوشوێنی مەبەست بگردرێتە بەر، بۆ دووبارە نەبوونەوەی ئەنجامدانی ئەم تاوانە، وە پێویستە ئەنجامدەرانی ئەم تاوانە سزا بدرێن، جا چ کە کەسانەی ئەنجامیان داوە ئەنجامدەری سەرەکی بن یان هاوبەش بن لەم کردارە، فەرمانبەر بن، یان کەسی ئاسایی پیاوانی دەوڵەت بن، یاخود نا، وەهیچ بیانویەك قبول ناکریت، سیاسی ، کۆمەلآیەتی یان ئاینی بێت یان هەر بیانیوەیەکی تر کە هانی ئەنجامدانی ئەم تاوانە بدات. هەروەك لەسەروە ئاماژەمان پێدا کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان لەیەکێك لە ڕاسپاردەکانی داوا لە ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەلآیەتی سەربەنەتەوە یەکگرتوەکان کرد کە دیراسەتی ئەم بابەتە بکات و پرۆژە یاسەیەك ئامادەبکات، ئەوەبوو لە دانیشتنی ٩ی کانونی یەکەمی ١٩٤٨ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دانی نا بەم پرۆژەیەو ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی تاوانی جینۆساید بەرقەرار کرا.

لەگەڵ ئەوەی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی گرنگیەکی زۆری بەم بابەتە داوە بەلآم لەسەردەمی ئیستاشدا ئەنجامدانی تاوانی جینوساید بەردەوامە لە سەر ئاستی جیهان . گومان لەوەدانیە کە تاوانی جینوساید لە کۆنەوە بوونی هەبووە، گەلی کوردیش لە عێراق بێبەش نەبووە کە بۆ چەندین جار جینوساید کراوە لەلایەن ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراقی، بەمەبەستی سڕینەوەی شوناسی کورد و تاکی کورد، لەبەرئەوەی گەلی کورد بەزۆر لکێندراوە بە دەوڵەتی عێراقی لە کاتی دروستبوونی ئەم دەوڵەتە، ئەوە لەلایەك، وە لەلایەکی تر دەگەرێتەوە بۆ بڕوانەبوونی ڕژێمە یەك لەدوایەکەکانی عێراق بە بنەما سەرکیەکانی ماڤ مرۆڤ وپرەنسیپەکانی دیموکراسی تاوەکو ئیستاشی لەگەڵ دابێت، وە باشترین نموونەش شالاوەکانی ئەنفال کردن و ڕاگواستن و سووتاندنی دیهاتەکان و جینوساید کردنی بارزانیەکان و گەرمیانیەکان وەهەروەها جینوساید کردنی ئێزیدیەکان و مەسیحیەکان و شەبەکەکان لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستی داعش .

باس کردن لەم بابەتە دوو لایەن دەگرێتەوە کە یەکێکیان بریتیە لە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری نێودەوڵەتی کە خۆی دەنوێنی لە رادەستکردنی تاوانبارانی و هەموو ئەوکەسانەی کە بەشداربوینە لە جێبەجێکرنی، وە لایەنی یاسای دووەمی ئەم بابەتە بریتیە لە بەپرسیاریەتی نێودەوڵەتی دەوڵەت سەبارەت بە قەربوو کردنەوەی ماددی و مەعنەوی زیان لێکەوتوانی ئەم تاوانە کە لەم توێژینەوەیە مەبەستمان نیە باسی لێوە بکەین. بەلکو تەنها باس لە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری نێودەوڵەتی دەکەین.

**کێشەی توێژینەوە:** بریتیە لە چۆنیەتی دیاری کردنی بەپرسیاریەتی تاوانکاری دەوڵەتی عێراقی و داعش سەبارە،ت بە جینۆسایدکردنی میللەتی کورد، لەژێر ڕۆشنایی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی وە دیاریکردنی لێکەوتە یاسایەکانی ئەم تاوانە.

**گرنگی توێژینەوە:** گرنگی توێژینەوە لەوەدایە کە باسکردن لە بەرپرسیاریەتی تاونکاری نێودەوڵەتی لە تاوانی جینوساید، گرنگی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتیمان بۆ دەردەخات هەروەك لە ڕێکەوتنامەی نەهێشتنی تاوانی کۆمەڵکوژی دا هاتووە سەبارەت بەم لێکەوتە یاسایانەی کە لەئەنجامی ئەم تاوانە دروست دەبن کەدژی مرۆڤایەتی ئەنجام دەدرێت.

**ئامانج لەتوێژینەوە:** دیاری کردنی کەسی بەرپرس لەئەنجامدانی ئەم تاوانە ئایا خودی دەوڵەتە یانە تاکەکانن یان رێکخراویکە. کە ڕاێك هەیە دەلێ تەنها کەسی سروشتی بەرپرسیاریەتی دەگریتە ئەستۆ وە ڕای دووەمیش ئاماژە بەوە دەکەن کە دەوڵەتیش بەپرسیاریەتی تاوانکاری دەگرێتە ئەستۆ کە لەتۆژینەوەکەماندا باسیان لێوە دەکەین.

**ڕێبازی توێژینەوە**: لەم توێژینەوەیەدا پشتمان بەستوە بە ڕێبازی شیکاری لەپیناو شیکار کردن و باس کردنی هەڵوێستی یاسای نێودەوڵەتی گشتی و ڕای یاساناسان لەم بارەوە، وە دیاری کردنی گرتنەبەری ڕێکارە یاسایەکان سەبارەت بەم کێشەیە وەهەروەها گرتنبەری ڕێبازی پەیرەوکاری سەبارەت بە دیاری کردنی حوکمەکانی دادگا نێودەوڵەتیەکان و ڕاڤە کردنیان.

**پلانی توێژینەوە:** توێژینەوەکردن بۆ هەر کێشەیەك پێویست بە پلانێك دەکات، هەر بۆیە ئێمەش بۆ باسکردنی ئەم بابەتە وامان بە باش زانی کە دا بەشی بکەین بەسەر دوو تەوەر، لە تەوەری یەکەم باس لە بەپرسیاریەتی تاوانکاری نێودەوڵەتی تاك دەکەین کە ئەویش دا بەش دەبێت بۆ دوو بەش لەیەکەمیان باس لە بناغەی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەکەین، وە لەدووەمیان باس لە چۆنیەتی چارەسەرکردنی ئەم بابەتە لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی و یاسای دادگای تاوەنکاری عێراقی نێودەوڵەتی. وە تەوەری دووەمیش بەهەمان شیوە دابەشی دوو بەش کراوە کە لەیەکەمیان باس لەرای لایەنگیرانی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەوڵەت دەکەین وە لە بەشەکەی تر باس لەم رایانەدەکەین کە دژی ئەوەن کە دەوڵەت بەپرسیاریەتی تاوانکاری بگرێتە ئەستۆ. وە کوتایی بەتوێژینەوەکەمان دینین بە کوتا کە چەندین پێشنیارو راسپاردە دەگریتە خۆی. خودا پشت و پەنامان بێت.

**کلیلەکانی تویژینەوە:** ڕێکەوتنامە، جینوساید، دادگا، تاوانکاری، نێودەوڵەتی، تاوان، بەرپرسیاریەتی، دەوڵەت.

## تەوەری یەکەم

## بەرپرسیاریەتی  نێودەوڵەتی تاوانکاری تاك

گومان لەوەدا نیە کە مرۆڤایەتی لەمیژوودا رووبەرووی چەندین کارەسات و نەهامەتی بۆتەوە، یەکێك لەم کارەسات و تاوانکاریانەش تاوانی کۆمەڵکوژی(1) مرۆڤەکانە، میللەتی کوردیش  وەك یەکێك لەم میللەتانەی سەر ئەم زەمینە هەر لەکۆنەوە تاوەکوو ئەمرۆ چەندین جار بەر شالاوەکانی کۆمەڵکوژی و راگواستنی بەزۆرەملێی و دەربەدەری کەتوّتەوە(2)،کە لەلایەن رژێمە یەك لەدوای یەکەکانی عێراق ، بەجۆرەها چەکی قەدەغەکراو ئەنجام دراوە، وەك هێرشکردنە سەر هەڵەبجە و شیخ وەسانان و بادینان کە لەئەنجامدا بوە هۆی شەهیدکردن و دەربەدەرکردنی چەندین هەزار کەسی سیڤیل.(3) سەرای ئەم تاوانانە ئەنجامدانی تاوانی جینوسایدکردنی بارزانیەکان لەژێر ناوی ئەنفال کە هەر لە سالی ١٩٧٥ بەدواوە  دەیان هەزار کوردی بارزانی  ئاوارەی وولاتەکانی تورکیا و ئێران بوون بۆ رزگار بوون لەهەولێکی بەرنامەداریژراو بۆ جینوساید کردنیان.(4)وە لەسالی ٢٠١٤ تاکو ئێستاش  لە لایەن رێکخراوی تیرۆرستی داعش چەندەها تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی و تاوانەکانی جینوساید ئەنجامدرا،  دەرهەق بەگەلی عێراق بەگشتی و دژی  یەزیدیەکان و کریستیانەکان بەتایبەتی وەك دووکەمینەی ئاینی لەعێراق ئەنجامدران(5). بۆیە لێرەدا لەمیانەی ئەم دوو بەشەی خوارەوە تیشك دەخەینە سەر بناغەی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی لە بەشی یەکەمی باسەکەمان وە باس لە بەرپرسیاریەتی تاك دەکەین لەدادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی و دادگای تاوانی عێراقی، وەك لەخوارەوەدا هاتووە:

### بەشی یەکەم

### بناغەی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی

جێگای باسە هەموو جۆرە بەرپرسیاریەتیەك بناغەیەکی هەیە کە لەسەری دادەمەزرێت، جا چ بەرپرسیاریەتی شارستانی بێت یا کارگێری بێت یا تاوانکاری بێت، وە چ لەسەر ئاستی ناوخۆی وولات یان نێودەوڵەتی بێت. لەبەرئەوەی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی بە پێداویستەکانی پرەنسیپەگشتیەکانی یاسای نێودەوڵەتی هەژمار دەکرێت کە حوکمەکانی بە بەردی بناغەی پێشکەوتنی هەر سیستەمێکی یاسایی دادەنرێت.

---

(1) دەوڵەتی عێراقی لە ٢٠-١-١٩٥٩ واژووی لەسەر ڕێکەوتنامەی نێودەوڵەتی قەدەغەکردنی جینوساید کردووە.

(2) رژێمی بەعس لە عێراق چەندین جار شارو گوندە کورنیشینەکانی تۆپ باران کردوە و بە هێرشی ئاسمانی فرۆکە جەنگیەکانی دەوڵەتی عێراقی ئەوکات سەدان و بگرە هەزارن کەسی سیڤیلی کوشتوەو بونەتە قوربانی هەروەك: هێرشی ئاسمانی بۆسەر شاروچکەی گەلالە لە نیسانی سالی ١٩٧٤ کە لەئەنجامدا (٣٠)کەسی سیڤل شەهید بوون، وەلە ٢٤-٤-١٩٧٤ هێرشی ئاسمانی تەیارەکانی دەوڵەتی عێراقی بۆسەر قەلادزە کە بوە هۆی شەهید بوونی (٣٠٠) کەسی سیڤیل، وە بەردەوامبوونی تۆپارنکردنی ئەم شارۆچکە و گوندانە ( ناوپردان، دەربەند، حاجی ئۆمەران، چۆمان، پێنجوین، سید سادق، عەربەت، ئاجەلەر، سەنگاو، بیارە، تەوێلە، رانیە، ئەحمەدئاوە، خورمال..) بەبەردەوامی بە شێوەی پچر پچر لە نێوان سالانی ١٩٧٤-١٩٧٥ بروانە د.کامران سالحي، حماية المدنيين و الاتفاقيات الدولية، بەرگی یەکەم، بێشوێنی چاپ، ٢٠٠٣، لا ٦٦ وبەدواوە.وەهەروەها لە مانگی نیسانی ١٩٨٧ بەدواوەو بەسەدان گوندی و شارۆچکەی تری کوردستان بە جۆرەها چەك و موشەك و غازی کیمیاوی هێرشیان کراوەتەسەر بونمونە لە ٢٥-٢٨-٨-١٩٨٨ هێرشی کیمیاوی کردە سەر گوندەکانی وەك سەری ئامێدی، سبیر، نێروە، خەرگول، کوهەرزکا خەراب، زێوە، کانی، درکێ، سیرێ، سگیرێ، سەری گەلی، هێرستەك، چیا رەشك، تسیفیێ، هیتۆت، ئیکمالە، بازێ ، کانیا پینگ، باشێ، گەرو، باوانکی، وەرمیلێ بابیری، ....هتد.: بۆزیاتر زانیاری بروانە:- ڤالا فريد، المسؤولية المدنية الدولية عن جريمة الابادة الجماعية، مطبعة جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٤، لا ١٩٤ بەدواوە.

(3) ڤالا فەرید، سەرچاوەی پێشوو، لا ١٩٥.

(4) ریبوار رەمەزان بارزانی، جینوسایدی باوکان، کۆمپانیای دارا بۆ چاپ، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٦، لا ٢٤.

(5) بروانە راپۆرتی سەرۆکی تیمی لیکولینەوەی سەربەنەتەوە یەکگرتوەکان لە ١٥ی تەموزی ٢٠١٩ لەسەر پێگەی ئەلکترونی خوارەوە:
https://news.un.org/ar/story/2019/07/1036791

هەروەك ياساناس (بادڤان)دەلێت كاريگەرى هەرسيستەمێكى ياسايى بە ڕادەى پێگەيشتن و پێشڤەچوونى بەپرسياريەتى تيايدا هەژمار دەكرێت.[١]

تا ئيستا ياسا ناسان كۆك نين لەسەر پێناسەيەكى دياريكراو سەبارەت بە بەرپرسياريەتى نێودەوڵەتى، بەڵكو هەريەكەو لە گۆشەنيگايەك پێناسەى دەكات، هەروەك دەلێن بريتيە لەم سزا ياساييەى كە ياساى نێودەوڵەتى گشتى دەيخاتە سەر ئەو كەسانەى كە ڕێز لەم ئەركە نێودەوڵەتيانە ناگرن كە لەسەريانە.[٢] هەندێكى تر دەلێن بريتيە لە (سيستەمێكى ياساييە كە بەگويرەى ئەم سيستەمە لەسەر ئەو دەوڵەتەى كردارێكى قەدەغەكراوى ئەنجام داوە بەپێى ياساى نێودەوڵەتى وە پێويستە قەرەبووى دەوڵەتى تەعەدا لێكراو بكاتەوە)،[٣] وەهەروەها چەندين بيرمەندى تر پێناسەى بەرپرسياريەتى نێودەوڵەتيان كردوە، كەلێرەدا پيويست ناكات دووبارەى بكەينەوە.[٤]

سروشتى ياسايى بەپرسياريەتى نێودەوڵەتى بريتيە لەو ئەركانەى كە ياساى نێودەوڵەتى گشتى دەيخاتە ئەستۆى كەسەكانى هەروەك هەموو سيستەمێكى ياساى ناوخۆى، جا ئەگەر هاتوو كەسەكانى ياساى نێودەوڵەتى گشتى پابەند نەبوون و لاياندا لەم ئەركانەى كە لەسەريانە لەم كاتە ڕووبەڕووى بەرپرسياريەتى نێودەوڵەتى دەبنەوە . كەواتە دەتوانرێ بگوترێ كە سروشتى ياسايى بەرپرسياريەتى نێودەوڵەتى خۆى دەنوێنێ لە بوونى چەند ڕەگەزێكى دياريكراو لەكارەكاندا، هەروەك ئەنجامدانى كارێكى ناڕەوا و دژوار لەگەڵ بنەماكانى ياساى نێودەوڵەتى گشتى كە دەخرێتە پاڵ كەسێكى نێودەوڵەتى كە دەبێتە هۆى زيانگەياندن، وەگرنگ نيە ئەم كارە ڕەوا بێت يان نا بەپێ ياساى ناوخۆى وولاتان،[٥] بەلكو دەبێت پێچەوانەى بنەما نێودەوڵەتيەكانى ياساى نێودەوڵەتى گشتى نەبێت. كەواتە ئايا ڕەگەزەكان و رايەلەكانى بەرپرسياريەتى نێودەوڵەتى چين؟ لەوەلامدا دەلێن بريتين لە ( هەڵە، زيان، پەيوەندى هۆكارى) واتە بەبێ بوونى ئەم سێ ڕەگەزە بەرپرسياريەتى دروست نا بێت،هەروەك لەخوارەوە باسيان دەكەين :

١- هەڵە: بريتيە لە ڕەفتارێكى نێودەوڵەتى زيانبەخش، كە خۆى دەنوێنێ لە لادان لە پابەندبوونە نيودەوڵەتيەكان، يان ئەنجامدانى كارێك لە لايەن كەسێكى نێودەوڵەتى كە هاوڕا و هاوتەريب نەبێت لەگەڵ بنەما نيودەلەتيەكان، بەواتايەكى تر كارێكى نارەوا ئەنجام بدات، كە ئەمەش يان بريتيە لە سەرپێچى كردنى ئەركێكى نێودەوڵەتى يان جێبەجێ نەكردنى ئەركێكى نێودەوڵەتى كە بنەماكانى ياساى نێودەوڵەتى سەپاندويانە بەسەر كەسە نێودەوڵەتيەكان[٦] .

٢- زيان: بەگرنگترين ڕەگەزو بەمەرجێكى سەركى دادەنرێت بۆ دروست بوونى بەپرسياريەتى نێودەوڵەتى، كە بريتيە لە دەستدرێژيكرنە سەر مافێك يان بەرژەونديەكى ڕەوا ى كەسێك لەكەسەكانى ياساى نێودەوڵەتى گشتى. واتا كەسى زيان لێكەوتوو بۆى هەيە دەوڵەت بێت يان ڕێكخراوێكى نێودەوڵەتى بێت ياخود تاكەكان بن كەوولاتەكانيان لەڕێگاى پارێزگارى ديبلوماسى دێنە دەنگ و داكۆكيان ليدەكەن. وەبێگومان پێويستە ئەم زيانە مسۆگەر بێت و پێشتر قەرەبوو نەكرابێتەوە، جورەكانى زيانيش بريتين لە زيانى مەعنەوى و زيانى ماددى[٧].

٣- پەيوەندى هۆكارى لەنێوان زيان و كردار: پێويستە ئەنجامدانى ئەم كارەى كە لەلايەن كەسێكى نێودەوڵەتى ئەنجامدراوە هۆكار بێت وە بوبێتەهوى زيانگەياندن بەكەسێكى تر، وەهەروەها مەرجە پەيوەنديەكى ڕاستەوخۆ هەبێت لەنێوان كارە ئەنجامدراوەكەو زيانەكە لەبەرئەوەى بۆ

(١) د. ندى طه جمال،مسؤولية المنظمات الدولية في مجال الوظيفة الدولية، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة، ١٩٨٦، لا ١٣.

(٢) د. محمد حافظ غانم، المسؤولية الدولية، چەند وانەيەك كە پێشكەش بە قووتابيانى دبلوم كراوە لە كۆليژى ياساى زانكۆى عين شەمس، ١٩٦٢،لا ١٠-١٤.

(٣) بادفان، القانون الدولي و المسؤولية الدولة، ئاماژەى پێكراوە لە لايەن: شالرل روسو، القانون الدولي العام، الاهلية للنشر و التوزيع، بيروت، ١٩٧٤،لا ١٠٦. وەهەروەها بيرمەند (هانز كلسن) پيناسەى دەكات وە دەلێت بريتيە لەم (پرنسيپەى كە پابەن بوون دروست دەكات بە چاككردنەوەى هەر پێشێلكاريەكى ياساى نێودەوڵەتى كە دەوڵەتێك بەرپرسە لە ئەنجامدانى و بوتە هوى زيان گەياندن) بروانە:

Kelson"state Responsibility and the abnormally dangerous activity" Columbia, Journal of Transnational Law, Vol.13 1979, p 200.

وەهەروەها بروانە: د. عصام العطية، القانون الدولي العام ، ط٧، العاتك لصناعة الكتاب ، القاهرة، ٢٠٠٨، لا ٥١٧.وە د. وائل احمد علام، مركز الفرد في النظام القانوني للمسؤولية الدولية، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠١، لا ١٠.

(٤) د. ابراهيم العناني، القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، ١٩٨٤، لا٨٤. وەهەروەها بروانە:-د. محمد طلعت الغنيمي، الاحكام العامة في قانون الامم، دار منشأة المعارف، الاسكندرية، لا١٨٦٨، وة د. عبدالعزيز محمد سرحان، القانون الدولي، دار النهضة العربية، ١٩٨٦، لا ٣٨٥.

(٥) ندى جمال طه، سەرچاوەى پێشوو،لا ٢٣.

(٦) د. صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٩، لا ٨٠٦ وە دواتر.

(٧) د. شاري خالد معروف، مسئولية الدولة عن الاضارا اثناء النزاعات المسلحة، دار الكتب القانونية، القاهرة، لا ٢٣١ بەدواوە.

جوولاندنی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی بەرامبەر بە کەسێکی نێودەوڵەتی پێویستە ئەم کردارەی ئەنجامدراوە نارەوا بێت بەپێی بنەمای گشتی یاسای نیودەوڵەتی وە دەبێت بخرێتە پاڵ ئەستۆی کەسە نێودەلەتیەکە[(١)].

پاش ئەوەی باسمان لە پێناسەی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی کرد و ڕەگەرەکانمان دیاری کرد لەسەرەوەدا لێرەدا بۆمان دەرکەوت کە ئەنجامدانی کارێکی نارەوا بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی یان لادان لەم ئەرکەی کە یاسای نێودەوڵەتی دەیخاتە ئەستوی کەسەکانی، بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی لێدەکەوێتەوە. کەواتە دەبێ بزانین ئایا کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی کێن؟ ئایا تەنها دەوڵەتان کەسی نێودەوڵەتین[(٢)] یان کەسانی تریش هەن؟

بۆ وەلامی ئەم پرسیارە یاساناسان لەبواری یاسای نێودەوڵەتی هەرچەندە تاوەکوو ئیستا کۆك نین بەلاّم زۆرینەیان پالپشتی ئەم رایە دەکەن کە کەسەکانی یاسای نێودەوڵەتی سەرەرای دەوڵەت، رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و تاکەکانیش دەگرێتەوە[(٣)] بەلاّم تاکەکان ئەوکاتە بەپرسیاریەتی نێودەوڵەتیان دەکەوێتە ئەستۆ[(٤)] کاتێك تاوانی جەنگ، تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی یاخود تاوانی جینو ساید ئەنجام دەدەن[(٥)].

کەواتە ئەو کەسانەی کە ئەندامی رێکخراوی تیرۆرستی داعشن و هەلساون بەئەنجامدانی هەریەك لەم سێ تاوانەی لەسەرەوە باسمان کرد ، بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بەرپرسیاریەتی تاوانکاریان دەکەوێتە ئەستۆ. بەلاّم ئایا تاکی عێراقی بەگشتی و ئیزیدیەکان و کەمینەکانی تر بەتایبەتی پالپشت بە چ یاسایەك دەتوانن سکالا تومار بکەن لەسەر ئەندامانی داعش وەك تاوانباری تاوانەکانی نێودەوڵەتی؟

بۆوەلامی ئەم پرسیارە دەلێن سەرەتا پێویستە بزانین ئایا شەری داعش ململانێی چەکداری نێودەوڵەتیە یان ناوخۆیە؟ لەولامدا دەلێن بریاری ئەنجوومەنی ئاسایشی نێودەوڵەتی ژمارە (٢١٧٠) لە سالی ٢٠١٤ پەسەندی ناوی ئەم رێکخراوەی کرد بە ( رێکخستنی دەوڵەتی ئیسلامی لە عێراق و شام) کە ئەمەش سیفەتی دەوڵەتی لەسەر لادا، وەهەروەها لە ڕاپۆرتی ئەو تیمەی راسپێردرابوون بە چەسپاندنی و دەستنیشانکردنی پێشێلکاریەکانی داعش بۆ سەر مافەکانی مرۆڤ کاتێك سەردانی عێراقیان کرد، لەسەر داوای ئەنجوومەنی مافەکانی مرۆڤ ی سەر بەنەتەوە یەکگرتوەکان لەراپۆرتەکەدا ئاماژە بەوە دەکەن کە شەری رووبەروو بونەوە لەگەڵ رێکخراوی تیرۆرستی داعش شەرێکی چەکداری نێودەوڵەتی نیە، و دەچێتە چوارچێوەی ململانی چەکداریە ناوخۆیەکان[(٦)].

جێگای ئاماژە پێکردنە بریاری ژمارە (٢٣٧٩) سالی ٢٠١٧ی ئەنجوومەنی ئاسایش گرنگیەکی زۆری هەبوو کە ئاماژە بە پێکهێنانی تیمێکی تایبەت دەکات بەهاوکاری لەگەل دەولەتی عێراقی بۆ کۆکردنەوی بەلگە و هەلگرتنی تومارکردنی ئەوکارانەی داعش ئەنجامی داون کە بۆی هەیە بگاتە ئاستی تاوانەکانی جەنگ و جینوساید و دژ بە مرۆڤایەتی[(٧)] .

بێگومان ناتوانرێت نکوڵی بکرێت لە سەر ئاستی ناوخویش لەم هەول و تێکۆشانەی کە لەلایەن هەرێمی کوردستانی عێراق و دەولەتی عێراقی[(٨)] ئەنجام دراوە بۆناسندنی ئەم تاوانانەی تیرۆرستانی داعش ئەنجامیان داوە بە کۆمەلگای نێودەولەتی[(٩)].

---

(١) نجاة احمد ابراهيم، المسؤولية الدولية عن انتهاكات قواعد القانون الدولي الانساني، منشاة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٩، لا ٣٤ بەدواوە. وەهەروەها د. شاری خالد معروف، سەرچاوەی پێشوو، لا٢٣٣

(٢) هەندێك لەبیرمەندان دەلێن بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی تەنیا لەنێوان دەوڵەتان دەبێت هەروەك دادگای دادی نێودەوڵەتی لە رای راوێژکاری خۆی لە (١١ ئیبریلی ١٩٤٩) سەبارەت بە ماف رێکخراوی نەتەوە یەکگرتوەکان بۆ داواکردنی قەرەبووکرنەوەی ئەو زیانانەی بە فەرمانیەرەکانی کەوتبوون. دەلێ( داواکردن بە قەربووکردنەوە لە نێوان دوو کەسایەتی دەبێت کە هاوشیوەبن لە شکل وەیەکسان بن لەرووی یاسا)بروانە :— د. حسن نافعة، الامم المتحدة في نصف قرن_دراسة في تطور التنظيم الدولي، علم المعرفة، الكويت، ١٩٩٥،لا ٨٧.

(٣) د. عبدالواحد محمد الفار، الجرائم الدولية وسلطة العقاب عليها، دار النهضة العربية القاهرة، ١٩٩٦، لا ٢٣٢.

(٤) بۆ زیاتر زانیاری سەبارەت بە بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی تاك بروانە: د.نجاة احمد ابراهيم، سەرچاوەی پێشوو.

(٥) د. شاری خالد معروف، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣٠٤.

(٦) بۆ زیاتر زانیاری سەیری ئەم راپۆرتەی خوارەوە بکە:—

https://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/UNAMI_Report_on_Mass_Graves4Nov2018_AR.pdf

هەروەها یاساناسان ئاماژە بەوەدەکەن کە ململانی چەکداریە نێوخویەکان بریتین لەم ململانێە چەکداریەی کە لەنێوان هێزەکانی نیزامی دەوڵەت لەلایەك لەگەڵ هێزە دابراوەکان یان یاخیبووەکان لەسنووری دەوڵەت روو دەدات. بروانە:—د.فرست صوفي، الوسائل القانونية لمجلس الامن في تدويل النزاعات الداخلية وتسويتها، منشورات زين الحقوقية، بيروت، لبنان، ٢٠١٣، ص٣٤—٣٥.

(٧) بروانە دەقی بریاری ئەنجوومەنی ئاسایش ٢٣٧٩ لە سالی ٢٠١٧ S/RES/2379 (2017).

(٨) بۆزیاتر زانیاری سەیری ئەم پێگە ئەلکترۆنیەی خوارەوە بکە:

http://arabic.news.cn/2019-03/24/c_137918584.htm

(٩) بۆزیاتر زانیاری بروانە پێگەی ئەلكترونی خوارەوە:

http://dfr.gov.krd/a/d.aspx?s=000000&l=14&a=50201

وەئەم تیمە نێودەولەتیەش بەسەرۆکایەتی کەریم خان تاکوو ئیستا چەندین راپۆرتیان پێشکەش کردوە کە قێزەونی تاوەنەکانی رێکخراوی داعش دەسەلمینێ کە دژی یەزیدیەکان و تورکمانەکان و شەبەك و سونەوشیعە ئەنجام دراوون.[١]

وە سەبارەت بە تۆمارکردنی سکالا لەسەر ئەندامانی رێکخراوی داعش بە تۆمەتبارکردنیان بە ئەنجامدانی تاوانی جینو ساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی، لەدادگای تاوانی نێودەوڵەتی،ناتوانری ئەم کارە بکرێت، لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عێراقی بەشدار(انضمام) ی نەکردوە بۆ پەیرەوی بنەرەتی دادگای تاوانەکای نێودەوڵەتی، وەبەپێی پەیرەوی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتیش ئەگەر وولاتێك بەشدار نەبووبێ لە پەیرەوی بنەرەتی دادگاکە ئەوە دەگەیەنێ کە ئەم دادگایە ناتوانێ دادبینی لەم جۆرە تاوانانە بکات، کەلەسەر خاکی دەوڵەتێك روویداوەو، ئەم دەوڵەتەش توانای دادگایی کردنی نیە یان نایەوێت تۆمەتبارەکان دادگایی بکات.[٢]. لەبەر ئەوەی تەنیا بە بەشداری کردن و پەسەند کردنی ئەم پەیرەوە بنەرەتیە یا سەرەکیە دەبێت، واتا رەزامەندی دەربرین لەسەر پسپۆری و دەسەلاتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بۆ دادگایی کردنی تاواباران. لەبەر ئەم هۆکارە بەرای ئێمە داوا لە حکومەتی عێراقی بکرێت تا زووە قبولی پەیرەوەی بنەرەتی دادگای تاوانی نێودەوڵەتی بکات و پەسەندی بکات.

جێگای باسە دەتوانرێ بەرێگایەکی تریش پسپوری بدریتە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ئەگەر بێت و حکومەتی عێراقی ئاگاداریەك بدات بە تۆمارکاری دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی کە تیایدا هاتبێ دەوڵەتی عێراقی رازیە لەسەر پسپوری دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی سەبارەت بە دادگایی کردنی تاوانەکانی داعش کە لەسەر خاکی عێراق ئەنجامدراون لەلایەن کەسانێك کە هەلگری رەگەزنامەی دەوڵەتێکن کە دەوڵەتەکەیان بەشدارە لە پەیرەوی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی. یاخود دەبێت ئەنجوومەنی ئاسایش ئەم کەیسە رەوانەی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بکات.[٣]

## بەشی دووەم

## بەرپرسیاریەتی تاك لە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی و عێراقی

گومان لەوەدا نیە، کە تاوانی جینۆساید پاشخانێکی مێژووی کۆنی هەیە، وە ئەو زنجیرە تاوانە گەورانەی دژی مرۆڤەکان ئەنجام دران لە جەنگی جیهانی یەکەم و دووەم کە بوە هۆی دارمانی مافەکانی مرۆڤ و دەست درێژی کرنە سەر مافی ژیان و ئازادی تاکەکان، بەبەکارهێنانی جورەها ئامرازی وەحشیگەرانە دوور لە ویژدانی مرۆڤایەتی ، بۆ کوشتن و ئەشکەنجە دان و دەستدرێژیکردنە سەر ئازادی تاکەکان. ئەم هۆکارانە وای کرد کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان لە (١١ی دێسەمبەری سالی ١٩٤٦) بریاری ژمارە(٩٦(د–١) دەربکات کە تیایدا هاتبوو، جینوساید بریتیە لە رەتکردنەوەی کۆمەڵەی مرۆڤەکان بەتەواوی، وەك کوشتن کە بریتیە لە ڕەتکردنەوەی مافی ژیانی مرۆڤەکان وە ئەم جۆرە ڕەتکردنەوەیەش بە پێچەوانەی ویژدانی گشتیە وە مرۆڤایەتی تووشی زیانی گەورە دەکاتەوە، جا چ لەرووی کلتوری یان لەهەررویێکی تر، کە لەگەڵ ڕەوشت و رۆحی میساقی نەتەوەیەکگرتوەکان یەکناگرێتەوە. لەپاشان ئەنجوومەنی ئابووری و کۆمەڵایەتی سەربە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان پرۆژەی ڕێکەوتنامەی جینوساید ئامادەکرد وە پاشان پرۆژەکە درایە دەنگران و بەکۆی دەنگ پەسەند کرا لە٩–١٢– ١٩٤٨.

کرداری کۆمەڵکوژی و قرکردن بەتاوان دانراوە لە سیستەمی سەرەکی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی نیورمبۆرغ ١٩٤٥وەك جۆرێك لەجۆرەکانی تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی، لەبەر ئەوەی ئەم دوو تاوانە زۆر لەیەك دەچوون بۆیە جیاوازی نەکرابوو لەنێوانیان تاوەکوو دەرچوونی ڕێکەوتنامەی جینوساید کە ئەم تاوانەی بەتاوانێکی سەربەخۆ ناساند و تەکیف کرا کە جیاوازە لەگەڵ تاوەنەکانی دژ بەمرۆڤایەتی، هەروەك ئەم جیاوازیە بەروونی دەبینرێت لە هەردوو لە سیستەمی سەرەکی دادگای دادی تاوانەکانی نیێودەوڵەتی تایبەت بە یوغسلافیای پێشوو و رواندا[٤]. وەئەم جیاوازیە لەنێوان ئەم دوو تاوانە لەرووی هۆکاری بەتاوانکردنیشیان لەیەکتر جیاوازە،[٥]

---

[١] بۆ زیاتر زانیاری بروانە پێگەی ئەلکترۆنی خوارەوە:
https://news.un.org/ar/story/2019/11/1044441

[٢] بروانەدەقی مادەی (١٢) لە پەیرەوی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی سەبارەت بە مەرجەکانی پێویست بۆ دادگای کردن.

[٣] بروانە برگەی (ب) لە مادەی (١٣) لەپەیرەوی ناوخوی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی.

[٤] سەیری سیستەمی سەرەکی هەردوو دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی تایبەت بە یوغسلافیا و رواندا بکە.

[٥] هەروەك دیارە بنەمای بەتاوانکردنی تاوانی جینوساید بریتیە لە پارێزگاریکردن لەکۆمەڵەیەك لەمرۆڤ لە لەناوبدنی بەشێکیان یان هەموویان جا ئەگەر ئەم کۆمەڵە مرۆڤە سەر بە ئاینێکی دیاریکراو بن یان ڕەگەزێکی دیاریکراو یان ئیتنیکێکی دیارکراو بن ، بەڵام بنەمای بەتاوانکردنی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی بریتیە لە پارێزگاریکردنی کەسی سیڤل لەو دەستدرێژیانەی دەکرێتە سەریان.وەهەروەها تاوانی جینو ساید جیاوازە لەگەڵ تاوانی ئەشکەنجەدان هەرچەندە لە رایەلەی ماددی و ئەنقەست هاوبەشن کە هەردووکیان بریتین لە ئازاردانی جەستە لەرایەلەی ماددی وە هەردووکیان بەئەنقەست ئەنجام دەدرین.بەڵام لە نیەتی تاوانکاری جیاوازیەکەی نێوانیان بەروون و ئاشکرا دیارە کە لە تاوانی جینوساید بریتیە لە لەناوبردنی بەشێك یان هەموو ئەندامانی کۆمەڵە مرۆڤێکی دیاریکراوە وە لە تاوانی ئەشکەنجەدان نیەتی تاوانکاری ئاسان نیە زانینی و شاردراوەیە بۆی هەیە تاوانی دژی مرۆژایەتی بێت یان تاوانی جەنگ وە هەر ئەشکەنجەیەك کە ببێتە هۆی کوشتن دەبێتە لەناو بردن و قەلاچۆکردن. بروانە رێکەوتنامەی قەدەغەکردنی ئەشکەنجەدان و هەموو هەلسوکەوتێکی نامرۆڤایەتی کە بەبریاری ژمارە (٩٣/٤٦) کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان دەرچوو لە سالی ١٩٨٤ وە کەوتە بواری جێبەجێکردن لە رێکەوتی ٢٦ی جولیەی ١٩٨٧.

تاوانی جینوساید جیاوازە لە تاوانی سیاسی هەربۆیە دەکرێت تاوانباران ڕا دەست بکرێن لە نێوان وولاًتان،[١] تەنانەت ئەوکەسانەش کە پارێزبەندیان هەیە.[٢] تاوەکوو سەرۆکەکان رزگاریان نەبێت لەسزا، وەئەم بنەمایەش دەگەڕێتەوە بۆ ڕێکەوتنامەی فرسای سالی ١٩١٩ .[٣] وە پلەو پۆستی ئەوکەسەی ئەم تاوانەئەنجام دەدات بەهەند وەرناگیرێت هەرچەندە ئەگەر بەپێی یاسای نێوخۆی تاوانەکە بەڕەوا بدابنرێت[٤]، واتا ئەو کەسە چ سەرۆکی ولاًتێك بێت یان سەرکردەیەکی سەربازی بێت یان هەرکەسێکی تر، بۆ ئەوەی هەرکاتێ سەلماندرا کە ئەم تاوانەی کردوە تا دادگایی بکرێت لەبەر دەم دادگای تاوانکاری نێودەولەتی.[٥] دەتوانرێ بگوترێت هۆکاری دوورخستنەوەو جیاکردنەوەی تاوانەسیاسیەکان لە تاوانی جینوساید، لەلایەك، بۆئەوەیە تاوەکوو پانتایەکی گەورە دروست ببێت بۆ دادگای کردنی تاوانباران و کەس دەربازی نەبێت لە سزا بەرامبەر ئەو تاوانە گەورەیە وەحشیگەراییە کە لە ئەنجامدا دەبێتە هۆی قڕکردنی ڕەگەزی مرۆڤایەتی ئەمە لەلایەك، وە لەلاکەی تر ئەم جیاکردنەوەیە دەگەڕێتەوە بۆئەوەی تاوەکوو تاوانبار ڕادەست بکرێت لەبەر ئەوەی زۆربەی دەستووری وولاتان ڕێگە نادات تاوانباری سیاسی ڕادەست بکرێتەوە.[٦]

پالپشت بە ماددەی (٦) لە ڕێکەوتنامەی جینوساید دەتوانری هەموو کەسێك دادگای بکرێت لەبەر دەم دادگایەکی تایبەت لەم دەولەتەی کە ناوانەکە لەسەر خاکی ئەنجام دراوە یان لەبەر دەم دادگای تاواکاری نێودەولەتی کە تۆمەتبارن بە ئەنجامدانی تاوانی جینوساید یان هەر تاوانێکی تر کە لە ماددەی (٣)دا هاتووە.

جێگای ئاماژە پێکردنە کە یاسای نێودەولەتی گشتی ئەم ڕایە فیقهیانەی تێپەراند سەربارەت بە بەرپرسیاریەتی نێودەولەتی کەسی سروشتی لە ئەنجامدانی تاوانە نێودەولەتیەکان[٧].

لێرەدا بۆمان دەردەکەێت کە بەپێ بنەماکانی یاسای نێودەولەتی هەرکەسێك لەهەر پلە و پایەیەك دابێت کە هەلسابێت بە ئەنجامدانی تاوانی جینوساید لەسەر خاکی هەرووڵاتێك، لە پێش دادگایەکی تایبەت لە دادگاکانی ئەم وولاتە دادگای دەکرێت یان لە پێش دادگای تاوانکاری نێودەولەتی.

جێگای باسە ئەگەر تەکیفی یاسایی ئەم تاوانانە بکەین کە دژی بارزانیەکان و گەرمیانیەکان لەشیخ وەسان و بالیسان و شاروچکەکانی دهوك کرا هەرهەمووی دەجێتە ژێر ناوی تاوانە نێودەولەتیەکان،لەبەر بوونی هەردوو ڕەگەزی ماددی و مەعنەوی لەم تاوانانە، وەگرنگ نیە ئەم جورە تاوانە لە کاتی بوونی جەنگ یان لەکاتی ئاشتی ئەنجام بدرێت.

وە ئەوەی ڕێکخراوی تیرۆرستی داعشیشی ئەنجامی دا بەرامبەر بە گەلی عێراق بە گشتی و یەزیدیەکان ومەسیحیەکان بەتایبەتی، شێوەیەکە لە شێوازەکانی تاوانەکانی جینو ساید و تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی دادەنرێت.[٨]

---

[١] بروانە ماددەی (٧) لە رێوتنامەی جینوساید.هەروەك ئاماژە بەوە دەکات کە بەکۆمەلکوژی دانانرێت و ئەو کردەوانەی تر کە لەماددەی (٣)ی داهاتووە بەتاوانی سیاسی سەبارەت بە ڕا دەستکردنی تاوانباران.

[٢] بروانەماددەی ( ٧٩) لە سیتەمی سەرەکی دادگای تاوانکاری نێودەولەتی

[٣] روانەمادەی (٢٢٧-٢٢٩) لە بەیمانامەی فرسای سای ١٩١٩ وە هەروەها یاساکانی دادگاکانی نورمبرغ و توکیو مادەی (٦ و٧) . بۆ زیاتر زانیاری بروانە:د. نجاة احمد ابراهیم، سةرضاوةي ثيَشوو، لا ٢٦٤ -٢٦٥.

[٤] پێوەر بۆ بەتاونکردنی تاوانێك کە نێودەولەتیە یان نا بەپێ بنەماکانی یاسای نێودەولەتی دەبێت و دیاری دەکرێت نەوك بەپێی یاسای ناوخۆیی.بۆزیاتر زانیاری بروانە:-

[٥] بروانەماددەی (٢٧ و ٢٨) لە سیستەمی سەرەکی دادگای تاوانکاری نێودەولەتی.

[٦] د. عبدالفتاح بيومي حجازي، قواعد اساسية في نظام محكمة جزاء الدولية، دار الفكر الجامعي، مصر، ٢٠٠٥، لا ٣٣٣ وەهەروەها بروانە:د. محمد سليم محمد غزوي، جريمة الابادة الجنس البشري، مؤسسة شباب الجامعة للطباعة، الاسكندرية،١٩٨٢، لا ١٤-١٥

[٧] یاساناسان چەندین پیناسەیان خستۆتە روو سەبارەت بە تاوانی نێودەولەتی هەروەك یاسانس (لومبیز) پێناسەی دەکات وە دەلێت بریتیە دوژمنکاری کردنی بەژەوەندیەکی بنەرەتی کۆمەلگای نێودەولەتی کە پارێزگاریەکی نێودەولەتی هەیە ئەم بەرژەوەندیە لە رێگای بنەماکانی یاسای تاوانکاری نێودەولەتی. بروانە:د. محمد عبدالمنعم عبدالخالق، الجريمة الدولية دراسة تأصيلية للجرائم ضد الانسانية و جرائم الحرب، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٨٩، لا ٧٧ وەهەروەها بۆزیاتر زانیاری سەبارەت بەم بابەتە بروانە:-د. حسنين ابراهيم صالح عبد، الجريمة الدولية، دار النهضة العربية، القاهرة،لا ٦.وة د. محمد صالح العادلي، الجريمة الدولية، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، ٢٠٠٤، لا ٦٦ وة د. منى محمود مصطفى،الجريمة الدولية بين القانون الدولي الجنائي و القانون الجنائي الدولي، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٨٩، لا ٣٦.

[٨] پاش ئەوەی لە مانگی ئابی ٢٠١٤ رێکخراوی دەولەتی ئیسلامی بەناو داعش هێرشی کردە سەر شارەکانی عیراق لەم هێرشەیان کوردە یەزییدیەکانیان کردە ئامانج بەشیوەیەکی زور وەحشیگەرانە شار و گوندو شارۆچکەکانیان خاپوور کرد و بەهەزاران کەسیان کوشت و بەدیل برد و ئافرەتاکانیان بردن وە دەستدریژی سیکسیان کردە سەر ئافرەتاکان و وەك سەبایە و هنیمەی شەر هەلسەکەوتیان لەگەل دەکردن...هتد بۆ زیاتر زانیاری بروانە راپورتی مافەکانی مرۆڤ سەربەنەتەوەیەکرتووەکان بو سالی ٢٠١٦ کە ئاماژەی پێدراوە لەخوارەوە:-
https://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/UNAMIReport12Aug2016_ar.pdf

لەبەرئەوەی هەموو ڕەگەزەکانی ئەم جۆرە تاوانانەی تێدایە کە لەچەندین تویژینەوەی یاساییدا بەتێرو تەسەلی باسکراون[١].

پەیرەوی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی لە مادەی(٢٥) باس لە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری تاک دەکات دەکات بەروون و ڕاشکاویی ئاماژە بەوە دەکات کە لە پسپۆری ئەم دادگایە هەرکەسێك تاوانێك ئەنجام بدات خۆی لێی بەرپرسیار دەبێت وە ڕووبەڕووی سزادەبێتەوە، وە لە برگەی سێیەم ئەم مادەیە دا هاتووە کەسەکان لێپرسینەوەیان لەگەڵ دەکرێت لەکاتی ئەنجاندانی تاوانێك کە لە پسپۆری ئەم دادگایە بێت، وەئاماژە بەو کە ئەگەر بێت و یەکێك لەم کارانەی ئەنجامدا:-

أ- ئەنجامدانی ئەم تاوانە بەشێوەیەکی تاك لایەنە یان یان بەبەشداری کردن لەگەڵ کەسانی تر یان لەرێگەی کەسێکی ترەوە بەبێ لەبەر چاو گرتنی ئەوەی کە کەسەکەی تر بەرپرسە لەتاوانەکە.

ب- فەرماندان یان ئیغرا کردن یان پالنان بۆ ئەنجامدانی تاوانێك کەرویداوە یان شروع لەم تاوانە.

ت- پێشکەشکردنی یارمەتی یان تەحریز کردن یان یارمەتیدان یان بەهەرشێوەیەکی تر بەمەبەستی ئەنجامدانی رێگە خوشکردن بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە یان شروع تیایدا لەگەڵ ئەمانەش تەوفیر کردنی ئامرازەکانی ئەنجامدانی ئەم تاوانە.

پ- پشکداری کردن بەهەر رێگەیەکی تر، بۆ ئەنجامدانی کۆمەڵە کەسێك کە کار دەکەن بەیەك مەبەستی هاوبەش بۆ ئەنجامدانی ئەم تاوانە یان شروع لەئەنجامدانی بەمەجێك ئەم پشکداریکردنە باوەر پێکراو بێت وە پێشکەش بکرێت بەم شێوەیە:-

١- پتەوکردنی چالاکی تاوانکاری یان مەبەستی تاوانکاری کۆمەڵەکەسەکە، ئەگەر هاتوو ئەم چالاکیە یان ئەم مەبەستە ئەنجامدانی ئەم ناوانە لەخۆ بگرێت و بکەوێتە چوارچێوەی پسپۆری دادگا.

٢- زانیاری هەبوون بەنیەتی ئەنجامدانی ئەم تاوانە لەلایەن کۆمەڵەکەسەکەوە.....

بەگوێرەی ئەو مادەیەی کە لەسەرەوە ئاماژەمان پێکرد، بۆمان روون دەبێتەوە کە تاکەکان بەرپرسیاریەتی تاوانکاری وەردەگرن و دەکەوێتە ئەستۆیان لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی جینوساید، جا شیوازی ئەنجام دانەکە لەلایەن تاکە کەسێکەوە بێت یان لەلایەن کۆمەڵەکەسێك بێت. وەهەموو ئەو کەسانەش دەگرێتەوە کە پالنەر بوینە یان یارمەتیدەر یان ئاسانکاریان کردووە بۆ مەبەستی ئەنجامدانی ئەم تاوانە. وەهەروەها لە برگە چواری هەمان مادەی سەرەوە ئەوەمان بۆ روون دەبێتەوە کە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری تاکەکان نابێتە بەپرسیاریەتی دەوڵەت.[٢]

مادەی (٢٦) لەم پەیرەوە بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی[٣] باس لە پسپۆری دادگا دەکات کاتێك کە تاوانێك ئەنجام دەدرێت لەلایەن کەسێکەوە کە تەمەنی لە (١٨) وە کەمتر بێ دەلێ ئەمە ناچێتە سنووری پیسپۆری ئەم دادگایە، بەرای ئێمە ئەم مادەیە باشتر وابوو ئەو کەسانەش بگرێتەوە کە لەخوار تەمەنی ١٨ سالیدان لەبەر ئەوەی بینرا زور بەروون و ئاشکرایی زور لەم تاوانانە ئەنجامدەدران لەلایەن کەسانێکەوە کەتەمەنیان لەخوار (١٨)ی سالیدا بوون بەتایبەتی لەلایەن رێکخراوی تیرۆرستی داعش و رێکخراوە تیرۆریستیەکانی تر.

مادەی (٢٧) لە پەیرەوی بنەرەتی ئاماژە بەوە دەکات کە ئەم یاسایە لەسەر هەموو کەسێك جێبەجێدەکرێت لەهەر پلە و پایەو پۆستێك بێت لەناو دەوڵەت، مەبەست لێرە سیفەتی فەرمی ئەو کەسەیە لەناو دەوڵەت واتە چ سەرۆکی دەوڵەت بێت یان سەرۆکی هەردەسەلاتێك لەدەسەلاتەکانی دەوڵەت بێت وەیاخود ئەگەر کەسێکی بێت نوێنەرایەتی دەوڵەت بکات یان ئەندامی پەرلەمان بێت ، واتە هیچ کەس ریزپەر نەکراوە لەسەر بنەمای سیفەتی فەرمی کەسەکە بۆئەوەی دەربازی بێت لە سزا لەکاتی ئەنجامدانی ئەم جورە تاوانانە[٤]. وە مادەی (٢٨) تایبەتە بە بەرپرسیاریەتی سەرۆك و سەرکردە کان دەکات کەبەپێی ئەم مادەیە هەر سەرکردەیەکی سەبازی یان هەرکەسێکی تر رۆڵی سەرکردە ببینێت و کۆمەڵە کەسێك لەژێر فەرمانی ئەودابن، ئەوا بەرپرسیارە لە رووی تاوانکاریەوە ،واتا بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەگرێتە ئەستۆ بەرامبەر هەرتاوانێك کە ئەنجامی بدات کە بکەێتە سنووری پسپۆری دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی، وەهەروەها ئەگەر هاتوو ئەو سەرکردیە یان ئەوکەسە تەنانەت زانینیشی هەبوو یان گریمانە دەکرا کە بزانی ئەم تاوانە ئەنجامدەدرێ، یان لەسەر لێواری ئەنجامدانە، ئەوا دیسان دەربازی نابێت لەبەر

---

[١] رەگەزەکانی پێویست بۆ دروستبوونی ئەم تاوانی جینوساید بریتیە لە ڕەگەزی مادی و مەعنەوی بەڵام بۆئەوەی جیابکریتەوە لە تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی پیویستە لە رەگەزی مەعنەویی نیەتی تایبەت هەبێت کەبریتیە لەزانینی ئەوکەسەی کەتاوانەکە ئەنجامدەدات نیەتی جینۆسایدکردنی هەیە لەم کردارەی کە دەیکات وەئەنجامی دەدات.بروانە: احمد عبدالحكيم عثمان، الجرائم الدولية في ضوء القانون الدوليالجنائي و الشريعة الاسلامية، دار الكتب القانونية، مصر، لا ١٧٧.وەهەروەها بروانە:

Claus Kreb. The International Court of Justice and the Elements of the Crime of Genocide, The European Journal of International Law Vol. 18 no. 4, P. 622.

[٢] بۆ زیاتر زانیاری بروانە: محمدي محمد امين، المسئولية الجنائية الدولية للزعماء والقادة اثناء النزاعات المسلحة، دار الفكر والقانون، المنصورة، مصر، لا ٥٠ بەدواوە.

[٣] د. امير فرج يوسف، المحكمة الجنائية الدولية و مشكلة دارفور، دار المطبوعات الجامعية، ٢٠٠٩،لا ٢٨٣ بەدواوە.

[٤] بروانە دەقی مادەی (٢٧) لە پەیرەوی رۆما ی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ١٧ی تەموزی ٢٠٠٨.

پرسیاریەتی، بەشێوەیەکی گشتی دەتوانین بلێن کە ئەم مادەیە هیچ دەرفەتێکی تیادا نیە بۆدەربازبوونی ئەو سەرکردە و سەرۆکانە لە بەرپرسیاریەتی لەکاتی ڕوودانی ئەم تاوانە.[١]

ئاماژە بە مادەی (٢٩) ی پەیرەوی بنەرەتی هیچ تاونێك ناکەوێت بە ماوە بەسەرداچوون، کە بکەوێتە سنوری پسپوری ئەم داگایە.وە هەروەها لە مادەی (٣٠-٣٤) باس لە رایەلەی مەعنەوی وهۆکارەکانی دروست نەبوونی بەرپرسیاریەتی و هەڵە تێگەیشتن لە ڕووداوەکان و هەڵە لەیاسا تێگەیشتن دەکات وە باس لە فەرمانی سەرۆکەکان دەکات.[٢] بەڵام لەبەر ئەوەی ئەمانە زیاتر ناچنە ناو کرۆکی بابەتەکەوە بۆیە لێرەدا تەنها بەکوورتی ئاماژەمان پێکردوەو بەدرێژی راڤەمان نەکردووە.

یاسای دادگای تاوانەکانی عێراقی بالاّ ژمارە (١٠) ی سالی ٢٠٠٥ لە بڕگەی دووەم لە مادەی (١) ئاماژە بەوە دەکات کە پسپوری ئەم دادگایە دادبینی کردنە لە تاوانەکانی کە لە مادەی ( ١١ و ١٢ و ١٣ و ١٤)داهاتووە وە ئەم یاسایە لە سەر هەموو تاکێك جێبەجێ دەبیت کەلەسەر خاکی عێراق یان لەدەرەوەی کۆماری عێراق نیشتەجێبێت لە ماوەی ١٧-٧-١٩٦٨ تاوەکوو ١-٥-٢٠٠٣ وە هەموو ئەو تاوانانە دەگرێتەوە:-

١- تاوانی جینوساید
٢- تاوانەکانی دژی مرۆڤایەتی
٣- تاوانەکانی جەنگ
٤- پێشێلکردنی یاساکانی عێراقی کە لەمادەی (١٤)ی ئەم یاسایە هاتووە.

بڕگەی (١/أ)لە مادەی (١٥) لەیاسای تاوانکاری عێراقی تایبەت بە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی ئاماژە بەم شێوازانە دەکات کە دەبێتەهۆی ورژاندنی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری تاك لەکاتی ئەنجامدانی هەرتاوانێك کە بکەوێتە سنووری پسپۆری دادگای تاوانەکانی عێراقی کە هەروەك لەخوارەوە ئاماژەی پێدەدەین:-

١- ئەگەر بێت و ئەوکەسە بەتەنیا یان لەگەڵ کەسانی تر بەشێوەی پشکدارێکی سەرەکی کردارێك لەم کردارانە ئەنجام بدات کە ئەم تاوانەی لێ پێك دێت و دروست دەبێت، وە کەسەکان بە ئەنجامدەری سەرەکی هەژمار دەکرێت ئەگەر هاتوو پاڵنەر بوو بۆ کەسێکی تر یۆئەوەی کردارە ئەنجام بدات ،کە ئەمەش بەبەراورد کردن لە گەل بڕگەی یەکەم لە مادەی (٣) لە پەیرەوی بنەرەتی یاسای دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی هاوشیوەن و لێك دەچن، وەبەهەمان شێوە سەبارەت بە یەکسانی لە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری ئەنجامدەری سەرەکی و ئەنجامدەری مەعنەوی، بۆیە ئەگەری ئەوە هەیە کە هەمان دەق وەرگیرا بیت و داڕێژرابێت لە یاسای تاوانکاری عێراق تایبەت بە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی.

٢- کەسێك فەرمان دەربکات بۆیەکێکی تر بە ئەنجامدانی تاوانەکە، یان هانی بدات یان بیخەلەتێنی بەمەبەستی ئەنجامدانی وە لەسەر بنەمای ئەم فەرمانە تاوانەکە روبدات یان شروع تیایدا ڕوویدا. ئەبینری کە ئەم دەقەی لە بڕگەی (١/ب)لە مادەی (١٥) یاسای دادگای تاوانکاری عێراقی بالاّ هاتووە هەمان ئەو دەقەیە کە لە بڕگەی سێیەمی مادەی (٢٥) پەیروی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی هاتووە .

سەبارەت بە یارمەتی دان و هاندان وکار ئاسانی کردن بو ئەنجامدانی تاوان وشروع لە تاوان وەهەروها پشکداری لەتاوان کە بڕگەی(١/ج) لە لەمادەی (١٥)ی یاسای دادگای تاوانکاری عێراقی بالا هاتووە هاوشیوەیەیە ئەگەر بەراوردی بکەین لەگەڵ بڕگەی سێەم لە مادەی (٢٥) پەیرەوی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی، بۆیە لێرەدا بەمەبەستی دووبارەنەبوونەوە باسی لێوە ناکەین

ئەوەی تێبینی دەکرێت لەکاتی بەراوردکردنی یاسای تاوانکاری عێراقی تایبەت بە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی لەگەڵ پەیرەوی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی سەبارەت بە تەمەنی ئەوکەسەی ئامادە دەکرێت لەبەر دەم دادگا بەواتایەکی تر دیاری کردنی سنوری پسپۆری دادگا بۆ دادبینی کردنی کەسێك کە تەمەنی لە (١٨) سال کەمتر بێت. دادگای تاوانکاری عێراقی خۆی بەدوور گرتووەو لەم بابەتەوە ئاماژەی پێنەداواوە هەروەك کە لەمادەی (٢٦) پەیرەوی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ئاماژەی پێکراوە کە ئاماژەدەدا لەپسپۆری دادگا نیە دادبینی کردنی کەسێك کە لەخوار تەمەن هەژدە سالی بێت[٣].

سەبارەت بە پاریزبەندی یاسای تاوانکاری عێراقی ئاماژە بەوەدەکات پارێزبەندی نابێتەهۆی دادگای کردنی کەسێك بەگوێرەی یاسای ناوخۆی یان یاسای نێودەوڵەتی[٤]. وەهەروەها سیفەتی فەرمی کەسی تاوانبار نابێتە هۆکارێك بۆ دەرباز بوون یاخود سووکردنی سزا ،جا ئەکەسە هەر

---

[١] بروانە دەقی مادەی (٢٨) لە پەیرەوی ڕۆما ی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی ١٧ی تەموزی ٢٠٠٨.

[٢] محمدي محمد الامین، سەرچاوەی پێشوو، لا ٢٢٨ بەدواوە.

[٣] بروانە دەقی مادەی(٢٧) لەپەیرەوی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی.

[٤] بروانە دەقی مادەی (٢/٢٧) لە پەیرەوی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێو دەوڵەتی.

پۆستێکی هەبێ سەرۆکی دەوڵەت بێت، یان ئەندامێکی ئەنجوومەنی وەزیران بێ یان ئەندامی پارتی بەعسی عەربی .[(١)] ئەم دەقەش هەر لەکۆنەوە لە هەردوو میساقی دادگای نۆرمبرغ و تۆکیۆ هاتووە کە سیفەتی فەرمی بەهەند وەرناگیرێ نابێتە هۆی لیخۆشبوون و سووك کردنی سزا لەسەر تاوانباران.[(٢)]

لەکوتایی دەتوانیین بلێن ئەو تاوانانەی کە لەسەردەمی رژێمی بەعس ئەنجامدرابوون دەرهەق گەلی کورد و عێراقیەکان هەر لەپاش دەرچوونی یاسای ژمارە (١٠)ی دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی سالی ٢٠٠٥ زیان لێکەوتوان دەتوانن سکالا تومار بکەن و داوای قەرەبوو بکەن. بەڵام جێگای داخە ئەو تاوانانەی کە رێکخراوی داعش دەرهەق بە گەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد و یەزیدی و کریستیانەکان بەتایبەتی ئەنجامی دا وە هەر هەموویان خوی لەتاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و جینوساید و تاوانی جەنگ دەبینێتەوە، کەچی ناتوانن سکالا لە دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی بەرز بکەنەوە بۆ دادگایی کردنی تاوانبارەکان و قەرەبووکردنەوەی مافەکانیان و ئەو زیاننەی لێیان کەوتووە ، ئەمەش لەبەر ئەوەی یاسای دادگای باڵای تاوانەکانی عێراقی لەمادەی یەکەم ئاماژە بەوە دەکات کە پسپوری زەمەنی ئەم دادگایە تەنها ئەم تاوانەنە دەگرێتەوە کە لە ( ١٧–٧–١٩٦٨ تاوەکوو ١–٥–٢٠٠٥) روویداوە لەبەر ئەم هۆکارە پیشنیار دەکەین کە ئەم یاسایەی لەسەرەوە ئاماژەمان پێدا هەموار بکریتەوە و لەرووی زەمەنیەوە بەشیوەیەك کەهەموو ئەوتاوانانە بگریتەوە لە ١٧–٧–١٩٦٨ ئەنجامدراوە بەدواوە" تاوەکوو یەزیدیەکان و کریستانەکان و هەموو کەمینەکانی تر بتوانن سکالا تومار بکەن لەدژی ئەندامانی داعش وەکوو ئەنجامدەرانی تاوانی جینوساید، لەبەر بەرجەستەبوونی هەموو رەگەزەکانی دروستبوونی تاوانە، سەرەرای ئەمەش هەموو تاکیکی تری عێراقی دەتوانێ داوا بجولێنی و سکالا تومار بکات دژی ئەندامانی رێکخراوی داعش جا چ تاوانەکەی بەرامبەری کراوە دژ بەمروڤایەتی بێت یاخود تاوانی جەنگ بێت.لەبەرئەوەی بەلگەنامەکان ئەوەمان بۆ دەردەخەن کە تاوانەکانی رێکخراوی داعش ئەنجامی داوان هەموو جورە تاوانە نێودەوڵەتیەکان لەخودەگرێت، وەك قڕ کرن و کۆمەڵکوژی و سووتاندن و سەربرین هتد...[(٣)].

جێگای ئاماژە پێکردنە حکوومەتی عێراقی و سەروکی تیمی لیکۆینەوەی نێودەولەتی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان هەلێکی زۆریان داوە بۆ دامەزراندنی دادگایەکی تاوانکاری نێودەولەتی تایبەت بۆ دادگایکردنی تاوانباران[(٤)]

## تەوەری دووەم

## بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەوڵەت

کاتێك باس لە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەوڵەت دەکەین رووبەرووی کۆسپێك دەبینەوە کە ئەویش بریتیە لەسەروەری دەوڵەت، لەبەر ئەوەی دانپیانان بەم جۆرە بەرپرسیاریەتە بەریەکەوتنێك دروست دەکات لەگەڵ شکۆ و سەروەری دەوڵەت، هەر ئەم هۆکارەشە وای کردوە کە یاساناسانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی دابەش ببن بۆسەر چەند رایەك هەروەك لەم دوو بەشەی خوارەوەدا باسیان دەکەین، یەك لەدوای یەك.

## بەشی یەکەم

## بەرپرسیاریەتی تاوانکاری نێودەوڵەتی دەوڵەت

سەرهەلدانی بیرۆکەی بەرپرسیاریەتی تاونکاری نێودەوڵەتی دەوڵەت دەتوانرێ بگەرێندریتەوە بۆ سەدەی بیستەم، وەکوو بیرۆکەیەکی نوێ سەریهەلدا بۆ لێپیچینەوەی ئەو دەوڵەتانەی کە سەرۆکەکانیان تاوانی نێودەوڵەتیان ئەنجام دەدا، وە لایەنگرانی ئەم رێچکەیە بەلگەی ئەوە دەهێننەوە کە تەنیا دەوڵەت دەتوانرێ لێپێچینەوەی لەگەڵ بکرێت لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی نێودەوڵەتی، واتە تاوانی نێودەوڵەتی تەنها لەلایەن دەوڵەتانەوە ئەنجام دەدرێت، وەئەگەر تاکەکان ئەم جۆرە تاوانانەیان ئەنجام دا ئەوا لەرێگای یاسای تاوانکاری وولاتەکەی خۆیان لێپێچینەویان لەگەڵ دەکرێت.[(٥)]

---

(١) بروانەدەقی مادەی (١٥) لە یاسای دادگایتاوانکاری عێراقی بالا ژمارە (١٠)ی سالی ٢٠٠٥.

(٢) بروانە مادەی (٧) لە میساقی دادگای نورمبر وە مادەی (٦) لە میساقی دادگای توکیو.

(٣) بروانە راپۆرتی کریم اسعد احمد خان لە ١٥–٧–٢٠١٩،سەرۆکی تیمی لێکۆلینەوەی نێودەوڵەتی بۆ لیپرسینەوە لەم تاوانانەی کە لەعێراق و شام دژی کەسانی سیڤیل ئەنجام دراون لەلایەن رێکخراوی داعش.https://news.un.org/ar/story/2019/07/1036791 . وەهەروەها بروانە : تقرير الموسوم ب (بين المطرقة والسندان: اقليات العراق منذ سقوط الموصل) من اعداد معهد القانون الدولي وحقوق الانسان والمجموعة الدولية لحماية حقوق الاقليات والاخرون. بەردەستە لەسەر پێگەی ئەلکترونی خوارەوە:–
https://minorityrights.org/wp-content/uploads/2015/03/MRG_Rep_IraqARA_Feb15_ONLINE.pdf

(٤) سەرۆکی کۆماری عێراق دواجار لەگەل کریم خان سەرۆکی تیمی نەتەوەیەکرتوەکان تاوتوێ ئەوەیان کرد کە پێویستە هەولبدرێت بەدامەزراندنی دادگای تاوانکاری نێودەولەتی تایبەت بۆ دادگای کردنی تاوانبارن وتیرورستانی داعش بۆ زیاتر زانیاری بروانە پێگەی ئەلکترونی سەرۆکایەتی کۆماری عێراق:
https://presidency.iq/Details.aspx?id=8583

(٥) د. محمد عبدالمنعم عبدالغني، الجرائم الدولية–دراسة في القانون الدولي الجنائي، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية،٢٠٠٧، لا ٤٤٥.

لایەنگیرانی ئەم ڕێچکەیە هەریەکەو لەگۆشە نیگایەك سەیری بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەوڵەتیان دەکرد، چەندین راوا بۆچوون پەیدا بوون لە نیوان زانایانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی. هەروەك زانا بەناوبانگ ئۆبنهایم ( Oppenheim) ئاماژە بەوە دەکات کە ئەوسزایانەی دەخرانە سەر دەوڵەتان لەکاتی ئەنجامدانی شەری دوژمنکاری بەلگەیە لەسەر جێگیر بوونی بەپرسیاریەتی تاوانکاری دەوڵەت، بەلای وابوو شەڕو تۆلە سەندنەوە لەیاسای نێودەوڵەتی کلاسیکی وە ئەو سزایانەی کە لە مادە (١٦) میساقی سەکۆی گەلان و وە دەقەکانی میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بەم بابەتەوە، ئەمانە سزانە کە دەخرێتە سەردەوڵەتان، کاتێك ئەوە دەسەلمێندری کەبەرپرسیاریەتی تاوانکاریان کەوتوّتە سەر.[1] لوتەرباخت( Lauterpacht)زانای بەناوبانگی یاسای نێودەوڵەتی گشتی دەلیّ دوو سیستەمی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی هەیە، یەکەمیان پەیوەستە بە بەرپرسیاریەتی دەوڵەت بەشێوەیەکی گشتی وە دووەمیان پەیوەستە بە بەپرسیاریەتی دەوڵەت لەئەنجامی ئەو سەرپێچیە ترسناکانەی کە دەبێت دەوڵەت پێوە پابەند بێت بەپیّ یاسای نێودەوڵەتی، ئەگینا روو بەرووی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەبێتەوە دەوڵەت. هەروەك زانا (برکسن) کە دەلێت ئەو بریارانەی لە دادگای تەحکیم دەرچوون بە قەرەبووکردنەوە ئەمە خۆی لەخۆی دا رەگەزێکی تاوانکاری لەخۆدەگرێت، بەتایبەتی لەو کاتانەی کە دەوڵەت کەمتەرخەمی دەکات لەگرتنەبەری ریکاری یاسای بۆ گرتن و سزادانی ئەو تاکانەی کە تاوانیان ئەنجام داوە دژی بیانیەکان، وە دەلیّ لێرەوە بۆمان روون دەبێتەوە کە مەبەست لەم قەرەبووانە ،تەنها چاکردنەوەی زیانەکان نیە بەتەنیا، بەلکو بۆ سزادانی دەوڵەتە لەسەر ئەو کەمتەرخەمیەی کە کردویەتی لەم بوارەدا.[2]لەلایەکی تر زانا بەناوبانگ گارسیا ئەمادور( Garsia Amadour ) کە خاوەنی چوار پرۆە یاسا بوو پێشکەشی لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی کرد کە لەلایەن کۆمەڵەی گشتی سەر بەنەتەوە یەکگرتووەکان بوو دەربارەی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری نێودەوڵەتەتی دەوڵەت، دەلیّ ئەو سەرپێچیانەی کە لەلایەن وولاتان ئەنجام دەدریّ و دەبێتە هۆی تێکدانی ئاشتی و ئاسایشی کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ، وەهەروەها چۆنیەتی سەپاندنی سزای تاوانکاری و سزای مەدەنی لەسەر ئەو دەوڵەتانەی کە سەرپێچی ئەو ئەرکە نێودەوڵەتیانەیان کردوە کە بەهۆی پەیماننامەو ریکەوتنامەکان پابەندکراون. وە لە ئەنجام رێگە بەتاکەکان دەدرێت کە داوای قەربووی مادی بکەن لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.[3] هەروەها ئاماژە بەوە دەکات و دەلیّ( تاوانی جینوساید کە دژی مافەکانی مرۆڤ ئەنجام دەدریّ ،ناتوانریّ تەنیا بەکارێکی ناڕەوا دابنرێت، بەلکو بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەوڵەتیش دەورژێنیّ)[4]، ئەم پرۆژە پێشنیارانەی پێشکەشی کرد گارسیا رەخنەیەکی زۆری لێگیرا لەلایەن دەوڵەتان بەبیانووی سەروەری و شکۆی دەوڵەت، بەلاّم لایەنگیرانی ئەم بووچونە بەلگەی ئەویان دەهێناوە کە دەوڵەت تاکە کەسی یاسای نێودەوڵەتی گشتیە خاوەن دەسەلاتێکی سیاسیە و ،وە ئەو بەروبوومەی لەئەنجامی بەکارهێنانی ئەو دەسەلاتەش دەگەرێتەوە بۆدەوڵەتەکە نەوەك بۆ تاکەکان، وەهەروەها بەلگەی دوەمیان ئەوەبوو کە بیرۆکەی سەروەری دژی ئەوە نیە کە دەوڵەت بەرپرسیاریەتی تاوانکاری بخرێتە ئەستۆ، لەبەر ئەوەی دەوڵەت کاتێك کارێکی نارەوا بەپێی بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی ئەنجام دەدات زیان بە سیستەمی گشتی و بەرژەوەندی گشتی کۆمەلگای نێودەوڵەتی دەگەیەنێت هەر لەبەر ئەمەش بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی دەکەوێتە ئەستۆ و پێویستە سزا بدرێت. هەروەك زانا ویبەر( Weber) جەخت دەکات و دەلێت دەوڵەت پێکهاتەیەکی کۆمەڵایەتیە و دەسەلاتێیکی سیاسی هەیە، کەسێکی گریمانەیی و خەیالی نیە بەلکو کەسایەتیەکی یاسایی نێودەوڵەتی هەیە لەکۆمەڵگەی نێودەوڵەتی ،وە هەموو تاکەکانی دەوڵەت کەسایەتی یاساییان تواوەتەوە لەناو کەسایەتی ئەم دەوڵەتەی کە پێکیانهێناوە.[5]

هەروەها زانا و یاساناسی یاسای نێودەوڵەتی بیلا (Pella) هاورایە لەگەلّ ئەم رایەی پێشوو وە پیّ وایە دەوڵەت کیانێکی راستەقینەی هەیەو وە بوونی دەوڵەت دەگەرێتەوە بۆچەندین نەوە لە پێشتر وەبالاّترە لەتاکەکان.[6] بەهەمان شێوە (لوتەر باخت) دەلیّ لەزۆربەی حوکمەکانی دادگاکانی تەحکیم دەتوانریّ بەبەلگە بهێنریتەوە لەسەر بوونی بەرپرسیارەیەتی تاوانکاری دەوڵەت.[7] (بیلا) یەکێك بوو لەم زانایەنەی کە دانی بە کەسایەتی مەعنەوی دەوڵەت دادەنا لە یاسای نێوخویی و یاساکانی ئەنگلو سەکسۆنیوکان وەهەروەها دەیگوت (ڕۆلی یاسای تاوانکاری نێودەوڵەتی بریتیە لە پاراستنی دەوڵەتان لەهەر دەستدرێژیەك کە رووبەرووی دەبنەوە وە ئەستەمە هەمان ئەم دەوڵەتانە سزای تاوانکاری نەگرنە ئەستۆ کاتێك ئەو دەوڵەتە تاوانبار بێت بەئەنجامدانی تاوانێکی نێودەوڵەتی، وە دانپیانان بە کەسایەتی نێودەوڵەتی دەوڵەت دانپیانان بە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەگرێتە خۆی )، بۆیە دەوڵەتی ئەلمانی و کەسە سروشتیەکانی دەوڵەت واتە تاکەکان بەرپرسیاریەتی

---

(١) عباس هاشم الساعدي، جرائم الافراد في القانون الدولي، رسالة ماجستيرمقدمة الى كلية القانون بجامعة بغداد،١٩٧٦،لا ٣١٠.

(٢) عباس هاشم الساعدي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣١٧

(٣) د.على جميل حرب، نظام الجزائي الدولي و سلطة العقاب عليها، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٧، لا ٢٦.

(٤) عباس هاشم الساعدي، سەرچاوەی پێشوو، لا ٣١١

(٥) د.ابراهيم الدراجي، جريمة العدوان ومدى المسؤولية القانونية الدولية عنها، منشورات الحلبي الحقوقية، بيروت، ٢٠٠٥،لا ٦٠٣

(٦) اسامة ثابت ذاكر الالوسي، المسؤولية الدولية عن الجرائم المخلة بسلم الانسانية وامنها،رسالة دكتوراه مقدمة الى كلية القانون بجامعة بغداد ،١٩٩٦، لا ٧٨

(٧) ناظر احمد منديل، سەرچاوەی پێشوو، لا٦٤

تاوانکاری نێودەوڵەتیان کەوتە ئەستۆ لە کاتی جەنگی جیهانی دووەم بەرامبەر ئەو تاوانە نێودەوڵەتیانەی ئەنجامیان دابوو، ئەمەش دەگەرێتەوە بۆئەوەی تاوەکوو تاوانباری راستەقینە دەربازی نەبێت لە سزا.[١]

دەتوانین بلێن رای زانایانی فقهی تەقلیدی لەسەر بنەمای ئەوەیە کە تەنها دەوڵەت کەسی یاسای نێودەوڵەتیە وەدەتوانێ پەیوەندی نێودەوڵەتی هەبێت لەگەڵ ئەندامانی تری کۆمەڵگەی نێودەوڵەتی، هەروەك زانای یاسای نێودەوڵەتی ئەنزەلوتی(Anzilotti ) دەڵێت تاکەکان تەنها کەسەکانی یاسای ناوخۆین بەواتایەکی تر ئەو ئەرکانەی یاسای نێودەوڵەتی دەیخاتە سەر ئەستۆی دەوڵەتان نەوەك تاکەکان، وەئەگەر هاتوو هەرپێشێلکاریەك کرا لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی ئەوا دەوڵەت ئەم بەرپرسیاریەتیە هەلدەگرێت نەوەك تاکەکان، و هەرکاتێك تاکەکان سەپێچی سیستەمی یاسایی نێودەوڵەتی بکەن لەم کاتە یاسای نێودەوڵەتی رێکە بەدەوڵەت دەدات کە سزایان بدات بەبێی یاسا ناوخۆیەکان، وئەگەر بنەمایەکی یاسایی نەبێت لە یاسای ناوخۆی دەوڵەت ئەم کارەی کە تاکەکان ئەنجامیان داوە بە تاوانی دا بنێت واتا ئەم تاکە هیچ بەرپرسیاریەتێکی ناکەوێتە ئەستۆ و سزا نادرێت بەپێی یاسا نێوخۆیەکان.[٢]

جێگای باسە ئەم رایانەی کە زانایانی کلاسیکی یاسای نێودەوڵەتی هەیانبوو تا رادەیەکی زۆر لەگەڵ راو بووچوونی زانایانی سەدەی سەردەمی ئێستای یاسای نێودەوڵەتی گشتی یەکناگرێتەوە، وە تەنانەت لەگەڵ هەندێك لە بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی ئیستاش دژوار و پێچەوانەیە. لەبەر ئەوەی زورن ئەو بنەما نێودەوڵەتیانەی کە لەسەردەمی ئێستا بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەخاتە سەر ئەستۆی هەر تاکێك ئەگەر کردارێکی ئەنجام دا کە بەبێی یاسای نێودەوڵەتی ئەم کردارە بەتاوان هەژمار بکرێت هەرچەندە لەیاسای نێوخۆی وولاتان بە تاوانیش هەژمار نەکرێت کە ئەمەش دەقاو دەق پێچەوانەی رای (ئەنزەلوتی)یە هەروەك لەپیشوتر باسمان لیوەکرد، کەواتە تاکەکان لەو کاتەی تاوانێکی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدەن کەسایەتی نێودەوڵەتی وەردەگرن و لەپێش دادگا نێودەوڵەتیەکانیش لێپرسینەویان لەگەڵ دەکرێ. لەلایەکی تر زانا و یاساناسانی سەردەمی نوێی یاسای نێودەوڵەتی ئەوەیان یەکلایی کردوتەوە کە دەوڵەت بەتەنیا کەسی نێودەوڵەتی نیە بەلکوو کەسانی تریش هەن وەك رێکخراوە نێودەوڵەتیەکان و فاتیکان و کۆمپانیە بازرگانیەکانیش سەرەرای تاك لەهەندێ بواری دیاریکراو.

مادەی (١٩) لە پرۆژە یاسای بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی دەوڵەت کاتێك گفتوگۆی لەسەرکرا لەلایەن ئەندامانی لێژنەکە هەندیك لەئەندامان رایان وابوو کە دەوڵەت بێ بەری نیە لە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری نێودەوڵەتی هەروەك لە مادەی (٤) رێکەوتنامەی جینوساید کە دەڵێ دەوڵەت بەرپرسە لە هەموو کردایکی کە لەلایەن دەزگاکانی دەوڵەت ئەنجام دەدرێن وەئەم ماددەیە هیچ جۆرە بەپرسیاریەتێکی دوور نەخستوتە لە بەپرسیارەتی دەوڵەت لەگەڵ ئەمەش بەرپرسیاریەتی تاوانکاری[٣]. وە لەکاتی گفتوگۆی مادە(١٩) هەندێك لە ئەندامانی لیژنە دانیان بەوەنا کەئەم سزایانەی ئەنجوومەنی ئاسایش دەیخاتە سەر دەوڵەتان کاتێك کەگوێرایەلی ئەو ئەرکە نێودەوڵەتیانە نابن و دەبنە هۆی ترس لەسەر ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی لەم کاتەدا بەگوێرەی بەندی حەوتەم لە میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان ئەنجوومەنی ئاسیش هەموو رێکارێك دەگرێتەبەر بۆ بەرپەرچدانەوە بە بەکارهێنانی هێز هەروەك لێدانی عێراق هەروەك شێویەك لە سزایکی بەکۆمەڵ نەوەك سزای مەدەنی[٤].

**بەشی دووەم**

**دەوڵەت بەرپرسیاریەتی تاوانکاری نێودەوڵەتی هەلناگرێت**

لایەنگیرانی بۆچوونی ئەوەی کە دەوڵەت بەرپرسیاریەتی تاوانکاری هەلناگرێت هۆکارەکەی دەگەرینەوە بۆچەندین هۆکار وەکوو سەروەری دەوڵەت و کەسایەتی مەعنەوی دەوڵەت وسروشتی یاسای سزای تاوەنکاری هۆکاری سەپاندنی سزا.

سەروەری ئەم چەمکەیە کە تێگەشتنێکی یاسایی وسیاسی کۆنی هەیە هەروەك دەوڵەت، زور لە زانایانی یاسا باسیان لە سەروەری کردووە بە چەندین شیواز پیناسەیان بوکردوە تایبەتمەندیەکانیان روونکردوتەوە، کە سەروەری سیفەتێکی دەسەلأتە وە دەسەلاتێکی خاوەن سەروەری شان بەشانی بوونی گەل و خاك سێ رایەلەی دروست بوونی دەوڵەتە. وە سەروەری دوو شێوازی هەیە ناوخۆیی کە بریتیە لە دەسەلاتی رەهای دەوڵەت بەسەر خاك و دانیشتواەکەی، وەهیچ دەسەلاتێکی تر نیە بەرزتر بێت لەدەسەلاتی دەوڵەت بۆ سەپاندنی ئیرادە بەسەر تاکەکانی لەسنووری وولات. شێوازی دووەمی بریتیە لەسەروەری لەرووی دەرکی کە دەتوانرێ بگوترێت بریتیە لە مل کەچ نەبوونی دەوڵەت بۆهیچ دەسەلاتێکی تری دەرەکی یان دەوڵەتێکی تر،لەبر ئەوەی وولاتان وەکوو یەکن لەرووی سەروەریەوەو یەکسانن.

---

[١] ناظر احمد منديل، جريمة ابادة الجنس البشري، رسالة ماجستير قدمت الى كلية القانون بجامعة بغداد،٢٠٠٠،لا٤٩

[٢] د.عبدالواحد محمد الفار، الجرائم الدولية وسلطة العقاب عليها، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٧، لا ٢٦.

[٣] بوانە راپۆرتی لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی سەبارەت بەکارەکانی لە خولی (٥٠) لەماوەی ٢٠ی نیسان تا ١٢ حوزەیران وە ٢٧ تەموز تا ١٤ی ئاب ، کۆمەڵەی گەلانی سەر بە نەتەوە یەکگرتووەکان، بەلگەمامە فەرمیەکان، خولی (٥٣) پاشکۆی ژمارە (١٠) (A/53/10) لا١١٣–١١٤.

[٤] ناظر احمد منديل، سەرچاوەی پێشوو، لا ٦٧.

لایەنگیرانی ئەم بیرۆکەیە رایان وایە کە دژواریەك هەیە لەنێوان بەرپرسیاریەتی دەوڵەت لەرووی یاساییەوە لەگەڵ سەروەری دەوڵەت، لەبەر ئەوەی ئەوەی دەسەلاتی یەکلاکردنەوەی هەلسوکەوتەکانی هەیە تەنها دەوڵەت خۆیەتی وەئەگەر هەلبستێش بە چاککردنەوەی زیانەکان کە لەئەنجامی هەلسوکەوتەکانی دروست بوون بنەماکەی دەگەرێتەوە بۆ ئارەزووی دەوڵەت خۆی بەتەنیا نەوەك کەسێکی تر.[1] هەروەك ئەمە بوونی هەبووە دەبینرێ لەحوکمەکانی دادگاکان. دەوڵەت سەروەریەکی سەربەخۆی هەیە کە جیایە لە هەردەزگایەکی تر هەرچەند ئەم دەزگایە بالادەس بێت بەلام بەهیچ شیوەیەك ناگاتە ئاستی سەروەری دەوڵەت.[2] بەلێ دەوڵەت خاوەن کەسایەتیەکی نێودەوڵەتیە بۆ بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتیش هەلدەگرێ وە دەتوانرێ سزای لەسەر بسەپێنرێ بەلام ئەم سزایانە سزای تاوانکاری نین.[3]

ببرواى بيرمەند (تونكين) ئەو سزا تاوانكاريانەی کە بۆی هەیە  بسەپێندرێت لەسەر دەوڵەتان  هەروەك (بيلا) کە باسی دەکات زور روون دیارە، کە ئەو هاوشیوەیی و لێکچوونەی لەنێوان سزاتاوانکاریەکانی کە لەسەر تاکەکان جێبەجێدەکرێ لەگەڵ ئەو سزا نێودەوڵەتیانەی کە لەسەر دەوڵەتان دەسەپێندرێت، ئەمە لێکچوونێکی دروستکراوە لەئەنجامی ئەوەی کەناتوانرێ بەراوردکاری لەنیوان دەوڵەت و تاکەکان بکرێت[4].
هەروەك بيرمەند دوبوی(Dubuy) ئاماژە بەوە دەکات کە زانایانی یاسای تاوانکاری ئەمەیان هەلێنجاوە لە ئەنجامی جیاوازی لەنێوان ئەو کارە قەدەغەکراوانەی کە دەوڵەت ئەنجامی دەدات بەگوێرەی ترسناکیەکەی، پێویستە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری نێودەوڵەتی  بەرپا بێت لەتەك بەرپرسیاریەتی  نێودەوڵەتی مەدەنی،  ئەگەر  هاتوو ئەم کارە سزا ی بەرپەرچدنەوەی تێدا بێت دژی لایەنی دەستدرێژیکەر.[5] هەر بۆیە ژمارەیەك لە بيرمەندانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی بیرۆکەی قەرووبووکردنەوەی تاوانکاری رەت دەکەنەوەو هەروەك (فالسيرجيرالد موريس) ئاماژە بەوە دەکات و دەڵێت (دەوڵەت لەهەندێ حالەتی دیاریکراو بۆی هەیە پابەندبێت بە پێدانی قەربووی تەحزيری، بەلام ئەوە نابێتە ورژاندنی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری لەسەر دەوڵەت، وە لەدرێژەی باسەکەی یدا دەلێ راستە چەندین کەیس هەیە کە دادگاکانی نێودەوڵەتی سەیریان کردوەو یەکلاییان کردۆتەوە، کەتیایدا دەوەلەت پابەند کراوە بە پێدانی قەربوویەك کە زیاتر بووە لە سنوورەکەی خۆی )مەبەست زیاتر بووە لەگەراندنەوەی بارووددۆخەکە بۆ پێش خۆی) بەلام دەلێ ئەم کەیسانە هەرهەمووی لە چوار چێوەی بەرپرسیاریەتی مەدەنی بووە نەوك تاوانکاری.[6]

لەلایەکی تر زۆربەی زانایان نەبوونی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەوڵەت دەگەرێنەوە بۆ کەسایەتی مەعنەوی دەوڵەت وە ئەو رایەی کە هەیە و دەلێ دەوڵەت بوونێکی ڕاستەقینەی هەیە، و خاوەنی ویستێکی سەربەخۆیە لە ویستی گشتی یان ویستی گەل، ئەگەر بە تێگەیشتنە سیاسیەکەی سەیری بکەین دەبینین رووبەرووی گرفت دەبینەوە کە ئەویش بریتیە لە تاوانبارکردنی تاکەکان لەسەر کردارێك کە ئەنجامی نەداوە کاتێك بەشێك لە هەلەکان دەگەرێندریتەوە بۆ ویستی گەل بەشێویەکی گشتی، کە ئەمەش پێچەوانەی ئەو سیستەمە یاساییە نێوخۆی و نێودەوڵەتیەیە، کە جێگیر بووە سەبارەت بە لێپرسینەوەی تاوانکاری. بەواتیایەکی تر سەپاندنی سزای تاوانکاری لەسەر دەوڵەت ناتێگەیشتنە لە پرەنسیپەکانی یاسای تاوانکاری و سروشتی یاسایی کەسایەتی مەعنەوی، لەبەر ئەوەی کەسەکانی یاسای تاوانکاری کەسی سروشتین و هەست و بیرکردنەوەو ویستیان هەیە، بەلام کەسی مەعنەوی ئەم سیفەتانەی تێدانیە، تەنیا ویست نەبێ ،کە ئەویش کەسێکی سروشتی نوێنەرایەتی دەکات، واتا بۆئەوەی یاسای تاوانکاری بەسەر کەسێك جێبەجێ بکەیت پێویستە ویستی خۆی هەبێت نەوەك کەسێك نوێنەرایەتی بکات[7].
لایەنگیرانی ئەم بۆچوونە دەلێن لەبەر ئەوەی دەوڵەت ناتوانێ وەك کەسێکی مەعنەوی تاوان ئەنجام بدات کەواتە ناتوانی پارێزگاری لە خۆشی بکات، لەبەر ئەوەیە دەوڵەت تەنیا بەرپرسیاریەتی لەرووی داراییە وە هەلدەگرێت، واتا  بەرپرسیاریەتی مەدەنی بەتەنیا.[8]

جێگای ئاماژە پێکردنە کاتێك لیژنەی نووسینەوەی پرۆژە یاسای تاوانەکانی دژی ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤایەتی، هەندێك لە ئەندامانی لیژنە رایان وابوو کە بەپرسیاریەتی دەوڵەت لەسەر ئەوکردەوانەی کە بەپێ یاسای نێودەوڵەتی نارەوایە و دەبێتەهۆی تێکچوونی ناسەقامگیری ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی ئەمە بەرپرسیاریەتیەکی یاسایی نیە، بەلکو سیاسیەو دەکەوێتە سنوری کارەکانی نەتەوە یەکگرتووەکان، هەر بۆیە رەوانەکردنی ئەم بابەتە بۆ لیژنەی یاسایی نابێتە هۆی ئەوەی لە بواری سیاسی بێتە دەر و بێتە ناو بواری یاسا وەك بابەتێکی یاسایی

[1] ناظر احمد منديل،سەرچاوەی بێشوو، ل٧٠.
[2] اسامة ثابت ذاكر الالوسي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٦.
[3] ناظر احمد منديل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٦٩.
[4] ج.أ. تونكين، القانون الدولي العام، ترجمة احمد رضا، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة،١٩٧٢ ل ٢٦٦
[5] اسامة ثابيت الالوسي، سەرچاوەی بيشوو، ل٨٢-٨٤.
[6] اسامة ثابت ذاكر الالوسي، سەرچاوەی پێشوو، ل ٨٥.
[7] عمر محمد المحمودي،قضايا معاصرة في القانون الدولي العام، الدار الجماهيرية ،ليبيا، ل ٨٠
[8] اسامة ثابت الالوسي، سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٤.

سەربەخۆ.[١] وەهەروها ئەوریکارانەی دەگرتریتەبەر لەگەڵ سزاکان هەرچەندە هەردووکیان یەك ئامانجیان هەیە، بەلام هەمان شت نین و لەیەکتر جیاوازن تەنانەت لەرووی سەرچاوەی یاسیەوەش، گرتنە بەری رێکار و رێوشوێنی گونجاو ریگایەکی خوپاراستنە ، واتە پێش ڕوودانی کردارەکە دەگردرێتەبەر بەمەبەستی روونەدانی، بەلام سزاکان پاش ئەنجامدانی کردارەکە دەسەپێندرێت، بۆیە شتێکی ئاسان نیە بەزۆر دەوڵەت ناچار بکەیت کە گوێرایەلی بریارە نیودەوڵەتیەکان بێت لەدەرەوەی چوارچێوەی ئەوبریارانەی کە بەپێی فەسلی حەوتەم لە میساقی نەتەوە یەکگرتوەکان دەردەچیٚ، هەروك بریاردەری تایبەتی لیژنەکە دەلیٚ (ئەستەمە بتوانریٚ دەوڵەتێك بەزۆری بینیتە بەردەم دەسەلاتێکی دادوەری تاوانکاری نێودەوڵەتی)[٢].

رایەکی تر ئەوبوو کە لە راپۆرتی دوانەمینی بریاردەری لیژنەکە هاتووە سەبارەت بە مادەی (٥) لە پرۆژە یاسای تاوانەکانی دژ بە ئاشتی و ئاسایشی مرۆڤایەتی پەسەندکراو لە سالی ١٩٩١ دەلیٚ(کرداری تاوانی بۆی هەیە ئەنجامێکی دووفاقی هەبێت، ئەنجامیکی تاوانکاری کە بریتیە لە سزا کە دەسەپێندریٚ لەسەر ئەوکەسەی ئەنجامی داوە، وە ئەنجامەکەی تری مەدەنیە واتە قەربووکرنەوەی زیان، وەلێرەدا مەبەست لەوتاوانانەیە کە ئەنجامدەرەکە یان فەرمانبەری دەوڵەتە بەسیفەتێکی فەرمی هەلسوکەوت دەکەن لەکاتی هەلسان بەئەنجامدانی ئەرکەکانیان، وە لێرەدا پێویستە لەبەرپرسیاریەتی دەوڵەت بگەرێن بەمانا کلاسیکیەکەی بەتایبەتی ئەگەر هاتوو زیانەکان زور گەورەبوون و لەسنوری دارایی ئەوە فەرمانبەرە دەرچوو کە ئەم تاوانەی ئەنجام داوە بەشیوەیەك کە ناتوایٚ قەرەبوو بدات..) لەبەر ئەمە دەتوانریٚ بگوتریٚ مەبەست لەدارشتنی ئەم مادەیە ناگەرێتەوە بۆ ئەوەی کە دانبنرێت بە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەوڵەت، هەرلەبەر ئەمەش ئەندامانی لیژنە پالپشتی ئەویان کرد کە ئەم مادەیە دووبارە دابرێژرێتەوە بەشیوەیەك تاوەکوو تێکەلیەك دروست نەبێت لەگەڵ چەمکی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەوڵەت.[٣]

لەلایەکی تر هەندێك لەئەندامانی لیژنە رایان وابوو چۆن دەبێت دەوڵەت تاوانکاربێت لەبەرئەوەی ئەگەر دەوڵەت ملکەچی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری بکرێت ئەمە دەبێتە هۆی سزادانی هەموو گەلەکەی وە لەمەش زیاتر ئەگەر هاتوو ئەم دەوڵەت خۆی قوربانی ئەم تاوانکاریە بوو وەك تاوانی جینوساید، بۆیە داواکرا کە هانی ئەم بۆچوونە نەدرێت کە دەوڵەت بەتاوانبار بناسرێت، لەبەرئەوەی ئەمە دەبێتە بەلگەیەك بەدەس دەوڵەتانی زل هێز، کە بەشێوەیەکی تەعەسوف رێکار وەرگرن بەرامبەر ئەم دەوڵەتە تاوانکارە.[٤] هەندێکی تر لە ئەندامانی لیژنەکە رایان وابوو ئەو رایە ئیجتهادیەی دادگای دادی نێودەوڵەتی رەتکردەوە سەبارەت بەوەی کە جێبەجێکردنی ریکەوتنانەی جینوساید لەسەر دەوڵەتان بەلگەیەکە بۆ ئەوەی بلێن تاوانکاریەکانی دەوڵەتان بوەتە بەشێك لە یاساکانی نێودەوڵەتی، وەدەیان گوت ئەمە قسەیەکی راست نیە، لەبەر ئەوەی لەم کەیسە هیچ نیشانەیەك ناگرێتە خۆی کە ئاماژەی پێکرابیٚ لە بەیاناتەکانی دادگا وە نە لە دادبینی کردن ئەوە بگەیەنیٚ کە رێکەوتنامەی جینوساید بەمەستی بەپرسیاریەتی تاوانکاری دەوڵەتان بێت بەواتای تاوانکاری، وە بەمەبەستی روونکردنەوەی زیاتریش مادەی (٩) لە رێکەوتنامەکە  هیچ ئاماژەیەك بە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەوڵەتان ناکات.[٥]

هەندێك لە ئەندامانی لیژنەی لەکاتی گفتوگۆکانی پرۆژە یاسای بەرپرسیاریەتی دەوڵەتان رایان وابوو کە ئەو سزایانەی نەتەوە یەکگرتوەکان دەیسەپێنێت لەسەر دەوڵەتان ئەمانە سزای تاوانکاری نین، بەلکوو تەنها وەك رێکارێکی پێشینە نەتەوە یەکگرتووەکان دەیگرێتە بەر بۆ گەراندنەوەی ئاشتی و ئاسایشی نێودەوڵەتی، هەروەك قەربووکردنەوەی تەئدیبی کە هیچ پەیوەندیەکی بە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری نیە.[٦]

وەئەگەر سەیری هەموو ئەو رێکەوتنانە بکەین کە پەیوەستن بەم بابەتەوە دەبینین هیچ رێکەوتنامەیەکی نێودەوڵەتی نیە کە بە ئاشکرا و بەروونی ئاماژە بە بەرپرسیاریەتی دەوڵەت بکات بەلکوو هەمووی جەخت لەسەر قەرەبووکردنەوە دەکات.

جێگای باسە لەکۆتای ئەم بەشەدا بۆمان روون دەبێتەوە کە شتێك نیە لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی بەواتای بەمانی بەرپرسیاریەتی تاوانکاری نێودەوڵەتی دەوڵەت بەلکوو ئەوەی ئاماژەی پێدراوەو لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی تەنها دوو جۆر بەرپرسیاریەتیە کە ئەویش بریتین لە بەرپرسیاریەتی مەدەنی نێودەوڵەتی وە ئەوی تریش بەرپرسیاریەتی تاوانکاری تاکەکان لەکاتی ئەنجامدانی تاوانی کۆمەلکوژی و تاوانەکانی جەنگ و دژ بە مرۆڤایەتی.

## کۆتا

پاش کۆتایی هاتن بەم توێژینەوەیە لەژێر ناونیشانی (**بەرپرسیاریەتی تاوانکاری نێودەوڵەتی ئەنجامدانی جینۆساید**) بۆمان بەدیاردەکەوێت کە تاوانی جینوساید یەکێکە لە تاوانە هەرەگەورەومەترسیدارەکان لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی لەبەرئەوەی دەرنجامێکی زور گەورەو ترسناکی

[١] حولية لجنة القانون الدولي ١٩٨٣ ، المجلد الاول، الجلسة(٣) ، الفقرة (١٩) ،ل٣٤-٣٦
[٢] حولية لجنة القانون الدولي ١٩٨٣، سەرچاوەی پێشوو، ل ٢١٧
[٣] راپۆرتی کارەکانی لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی خولی (٤٦) سالی ١٩٩٤ ، ل ١٤٤
[٤] راپۆرتی کارەکانی لیژنەی یاسای نێودەوڵەتی خولی چل و حەوتەمین، ١٩٩٥، برگەی ٢٦٢، ل ٧٤.
[٥] بروانە : ناظر احمد منديل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٤.
[٦] ناظر احمد منديل، سەرچاوەی پێشوو، ل ٧٦

لێدەکەوێتەوە کە شکۆ و کەرامەتی مرۆڤایەتی دەروخێنێت. وەلەکوتایی گەیشتینە ئەم دەرەنجام و پێشنیارانەی کەلەخوارەوە ئاماژەمان پێداوە:-

یەکەم: دەرەنجامەکان

١- بنەماکانی یاسای نێودەوڵەتی بەگشتی دەتوانرێ بگوترێت کە لەسەر بنەمای مرۆڤایەتی و دادپەروەری دارێژراون جا چ بنەما عورفیەکانی یاخود بنەما دانراوەکانی ئەم یاسایە، ئەمەش لەئەنجامی ئەم هەموو کارەساتەی لەمێژوودا رووبەرووی مرۆڤایەتی بوەتەوە هەر لەکوشتن و برین و سوتاندن و ئاوارە بوون وهتد.

٢- بوونی یاسای تاوانکاری نێودەوەتی وەرچەرخانێکی مێژووی و پێویست بوو لە یاسای نێودەوڵەتی گشتی لەبەر ئەوەی کۆمەڵێك پرنسیپ و بنەمای عورفی رێگر بوون لە بەتاوانبارکردنی تاکەکانی دەوڵەت لەسەر ئاستی نێودەوڵەتی.

٣- رای زۆرینەی بیرمەندانی یاسای نێودەوڵەتی گشتی ئاماژە بەوە دەدەن کە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری نێودەوڵەتی تەنها دەکەوێتە ئەستۆی کەسی سروشتی، بۆیە دەوڵەت وەك کەسێکی مەعنەوی ناتوانرێ سزای تاوانکاری بەسەر بسەپێنرێ.

٤- ئەو تاوانانەی کە دەرهەق بە گەلی کورد کراون بەگشتی هەر لە سەردەمی رژێمی حزبی بەعس وە هەموو ئەو تاوانانەی کە رێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی عێراق وشام(داعش) ئەنجامی داون دەچێتە چوار چێوەی تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جینوساید کردن. بەڵام لەبەر نەبوونی یاسایەکی عێراقی ناتوانرێ (زیان لیکەوتوانی شەری داعش) سکالا لەسەر تاوانبارنی شەری داعش تۆمار بکرێت ئەوانەی تاوانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆسایدیان ئەنجام داوە.

٥- هەولێکی زۆر دراوە لەسەر ئاستی نێودەولەتی و ناوخۆیی( دەولەتی عێراقی و حکومەتی هەرێمی کوردستان) بۆ ناساندنی ئەم تاوانانە لە رێگەی کۆکردنەوە وتۆمارکردنی بەلگەکانی ئەم تاوانانەی کە لەلایەن داعش ئەنجامدراون.

٦- گرنگترین خاڵ بۆ جیاکردنەوەی تاوانی جینوساید لە تاوانی دژ بەمرۆڤایەتی بریتی لەمەی کاتێك تاوانبار هەلدەستێت بەئەنجامدانی جینوسایدکردن نیەتێکی تایبەتی هەیە کە بریتیە لە جینوسایدکردنی  هەموو یان بەشێك لەتاکەکانی کۆمەڵەکەسێکی ئاینی یان نەتەوەی یان عرقی، بەپێچەوانەوە ئەگەر ئەم جۆرە نیەتە نەسەلمێندرا کەواتە تاوانەکە جینوسایدکردن نیە.

دووەم: پێشنیارەکان

١- هەموار کردنەوەی یاسای تسزادانی عێراقی ژمارە (١١١) ی سالی ١٩٦٩ بەشێوەیەکی ئەوتۆ کە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانەکانی جینوساید بگریتە خۆ.

٢- داوا لە حکومەتی عێراقی بکرێت کە پەسەندی  پەیرەوی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی سالی ١٩٩٨ بکات بۆئەوەی لەرووی یسپۆریەوە دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی بتوانێت دادگایی تاوانباران بکات کە تاوانی نێودەوڵەتیان ئەنجام داوە لەسەر خاکی عێراق کە بە تاوانەکانی دژ بە مرۆڤایەتی و تاوانی جینۆ ساید هەژمار دەکرێن.

٣- پێشنیار دەکەم کەوا چۆن تاکەکان کاتێك تاوانێکی نێودەوڵەتی ئەنجام دەدەن کەسایەتی نێودەوڵەتی وەردەگرن و لەبەردەم دادگایەکی نێودەوڵەتی و بەیاسایەکی نێودەوڵەتی سزا دەدرین بەهەمان شێوە باشتر وایە کە برگەیەك بۆ بەندەکانی ماددەی(١٣)ی سیسنەمی رۆما ی سەرەکی زیاد بکرێت کە رێگە بە تاکەکان بدات سکالا بەرزکەنەوەو داوا بجولێنن لەبەردەم ئەم دادگایە.

٤- پیشنیار دەکەین مادەی یەکەم لە یاسای تاوانکاری عێراقی ژمارە (١٠)ی سالی ٢٠٠٥هەموار بکریتەوە و لەرووی زەمەنیەوە بەشیوەیەك کەهەموو ئەوتاوانانە بگریتەوە لە ١٧-٧-١٩٦٨ ئەنجامدراوە بەدواوە.

٥- پێشنیار دەکەین کە تاوانی جینۆساید کردن و تاوانەکانی تری دژ بەمروڤایەتی لەگەڵ دادگایی تاوانکاری نێودەوڵەتی بەشیوەیەکی بەرفراوانتر لە کۆلیژە مرۆڤایەتیەکان بخویندرێت.

٦- پێشنیار دەکەم کە دەزگاکانی راگەیاندن ئەو کەسانە ئاگادار بکەنەوە کە لەسەر دەمی رژێمی بەعس زیانیان لیکەوتوەو بەپێی یاسای دادگای بالای تاوانەکانی عێراقیـ دەتوانن سکالا تۆمار بکەن بۆئەوەی داوای قەرەبوو ی زیانەکانیان بکەنەوە.

## سەرچاوەکان

### یەکەم: پەرتووکەکان بە زمانی عەرەبی:


- د. ابراهيم الدراجي، جريمة العدوان ومدى المسؤولية القانونيةالدولية عنها، منشورات الحلبي الحقوقية،بيروت، ٢٠٠٥.
- د. ابراهيم العناني، القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، ١٩٨٤.
- احمد عبدالحكيم عثمان، الجرائم الدولية في ضوء القانون الدولي الجنائي و الشريعة الاسلامية، دار الكتب القانونية، مصر، ٢٠٠٩.
- د. امير فرج يوسف، المحكمة الجنائية الدولية و مشكلة دارفور، دار المطبوعات الجامعية، ٢٠٠٩.

- ج.أ. تونكين، القانون الدولي العام–قضايا نظرية،ترجمة احمد رضا،الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة،١٩٧٢ .
- د. حسن نافعة، الامم المتحدة في نصف قرن_دراسة في تطور التنظيم الدولي، علم المعرفة، الكويت، ١٩٩٥.
- د. حسنين ابراهيم صالح عبد، الجريمة الدولية، دار النهضة العربية، القاهرة،١٩٧٩.
- د. شاري خالد معروف، مسئولية الدولة عن الاضرار اثناء النزاعات المسلحة، دار الكتب القانونية، القاهرة٢٠١٧.
- شالرل روسو، القانون الدولي العام، الاهلية للنشر و التوزيع، بيروت، ١٩٧٤.
- د. صلاح الدين عامر، مقدمة لدراسة القانون الدولي العام، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠٩.
- د. عبدالعزيز محمد سرحان، القانون الدولي، دار النهضة العربية، ١٩٨٦.
- د. عبدالفتاح بيومي حجازي، قواعد اساسية في نظام محكمة جزاء الدولية، دار الفكر الجامعي، مصر، ٢٠٠٥.
- د. عبدالواحد محمد الفار، الجرائم الدولية وسلطة العقاب عليها، دار النهضة العربية القاهرة، ١٩٩٦.
- د. عبدالواحد محمد الفار، الجرائم الدولية وسلطة العقاب عليها، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٧.
- د. على جميل حرب، نظام الجزائي الدولي و سلطة العقاب عليها، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٩٧.
- د. عصام العطية، القانون الدولي العام ، ط٧، العاتك لصناعة الكتاب ، القاهرة، ٢٠٠٨.
- عمر محمد المحمودي، قضايا معاصرة في القانون الدولي العام، الدار الجماهيرية ،ليبيا،١٩٨٩.
- د. فالا فريد، المسؤولية المدنية الدولية عن جريمة الابادة الجماعية، مطبعة جامعة صلاح الدين، ٢٠٠٤.
- د. فرست صوفي، الوسائل القانونية لمجلس الامن في تدويل النزاعات الداخلية وتسويتها، منشورات زين الحقوقية، بيروت، لبنان، ٢٠١٣.
- د. كامران سالحي، حماية المدنيين و الاتفاقيات الدولية، الطبعة الاول، بدون مكان النشر، ٢٠٠٣.
- د. محمد حافظ غانم، المسؤولية الدولية، مجموعة محاضرات القيت على طلبة دبلوم بكلية القانون بجامعة عين شمس، مصر، ١٩٦٢.
- د. محمد سليم محمد غزوي، جريمة الابادة الجنس البشري، مؤسسة شباب الجامعة للطباعة، الاسكندرية،١٩٨٢.
- د. محمد صالح العادلي، الجريمة الدولية، دار الفكر الجامعي، الاسكندرية، ٢٠٠٤.
- د. محمد طلعت الغنيمي، الاحكام العامة في قانون الامم، دار منشأة المعارف، الاسكندرية١٩٧١.
- د. محمد عبدالمنعم عبدالخالق، الجريمة الدولية دراسة تأصيلية للجرائم ضد الانسانية و جرائم الحرب، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٨٩.
- د. محمد عبدالمنعم عبدالغني، الجرائم الدولية، دراسة في القانون الدولي الجنائي، دار الجامعة الجديدة، الاسكندرية،٢٠٠٧.
- محمدي محمد امين، المسئولية الجنائية الدولية للزعماء والقادة اثناء النزاعات المسلحة، دار الفكر والقانون للنشر والتوزيع، المنصورة، مصر، ٢٠١٧.
- د. منى محمود مصطفى،الجريمة الدولية بين القانون الدولي الجنائي و القانون الجنائي الدولي، دار النهضة العربية، القاهرة، ١٩٨٩.
- د. نجاة احمد احمد ابراهيم، المسؤولية الدولية عن انتهاكات قواعد القانون الدولي الانساني، منشاة المعارف، الاسكندرية، ٢٠٠٩.
- د. ندى طه جمال،مسؤولية المنظمات الدولية في مجال الوظيفة الدولية، الهيئة المصرية للكتاب، القاهرة، ١٩٨٦.
- د. وائل احمد علام، مركز الفرد في النظام القانوني للمسؤولية الدولية، دار النهضة العربية، القاهرة، ٢٠٠١.

**دووەم: پەرتووکەکان بەزمانی کوردی:**

- ریبوار رەمەزان بارزانی، جینوسایدی باوکان، کۆمپانیای دارا بۆ چاپ، هەولێر، هەرێمی کوردستانی عێراق، ٢٠١٦.

**سێیەم:ماستەر نامە ودکتورا نامەکان:–**

- اسامة ثابت ذاكر الالوسي، المسؤولية الدولية عن الجرائم المخلة بسلم الانسانية وامنها، رسالة دكتورا مقدمة الى كلية القانون بجامعة بغداد ،١٩٩٦.
- ناظر احمد منديل، جريمة ابادة الجنس البشري، رسالة ماجستير قدمت الى كلية القانون بجامعة بغداد،٢٠٠٠.
- عباس هاشم الساعدي، جرائم الافراد في القانون الدولي – رسالة ماجستير – جامعة بغداد– كلية القانون، ١٩٧٦.

**چوارەم:ڕاپۆرت و بڕیارەکان :–**

- A/RES/53/10
- S/RES/2170(2014)
- A/RES/63/139
- A/RES/1/96

- A/RES/93/46
- S/RES/2379
- تقرير اعمال لجنة القانون الدولي دورة(٤٦) لسنة ١٩٩٤
- تقرير اعمال لجنة القانون الدولي دورة(٤٨) لسنة ١٩٩٥
- حولية لجنة القانون الدولي ١٩٨٣ ، المجلد الاول، الجلسة(٣) .

**چوارەم: ڕێکەوتنامە و یاساکان و پەیڕەوە ناوخۆییەکان:–**

- إتفاقية منع جريمة الإبادة الجماعية والمعاقبة عليها لعام ١٩٤٨
- اتفاقية فرساي ١٩١٩
- **النظام الأساسي للمحكمة الجنائية الدولية لعام ١٩٩٨**
- لائحة المحكمة العسكرية الدولية بنورمبرغ ١٩٤٥
- لائحة المحكمة العسكرية الدولية ل طوكيو ١٩٤٦
- قانون المحكمة الجنائية العليا العراقية رقم (١٠) لسنة ٢٠٠٥

**پێنجەم: سەرچاو بیانیەکان:–**

- Claus Kreb. The International Court of Justice and the Elements of the Crime of Genocide, The European Journal of International Law Vol. 18 no. 4.
- Kelson"state Responsibility and the abnormally dangerous activity" Columbia, Journal of Transnational Law, Vol.13 1979.

**شەشەم: سەرچاوە ئەلیکترونیەکان:–**

- Https://minorityrights.org/wpcontent/uploads/2015/03/MRG_Rep_iraqara_Feb15_ONLINE.pdf
- Https://news.un.org/ar/story/2019/07/1036791
- Https://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/UNAMI_Report_on_Mass_Graves4Nov2018_AR.pdf
- Https://www.ohchr.org/Documents/Countries/IQ/unamireport12aug2016_ar.pdf
- http://arabic.news.cn/2019-03/24/c_137918584.htm.
- http://dfr.gov.krd/a/d.aspx?s=000000&l=14&a=50201.
- https://presidency.iq/Details.aspx?id=8583.
- https://news.un.org/ar/story/2019/11/1044441.
- https://news.un.org/ar/story/2019/07/1036791.



**پوختە**

بەپرسیاریەتی نێودەوڵەتی بەچەندین قوناغی جیاواز تێپەڕی هەرلەسەردەمی کۆندوای چەخی ئیسلامی تاوکوو سەردەمی هاوچەرخ، بەرپرسیاریەتی لەهەر قوناغێك چەند سیفەتێکی وەرگرت تاوەکوو گەیشتە ئەم شێوەیەی ئیستای. ئەم توێژینەوەیە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری نێودەوڵەتی ئەنجامدانی جینوساید دەگرێتە خۆ، کە دابەشکراوە بۆسەر دوو تەوەری سەرەکی، تەوەری یەکەمان تایبەتمەند کردوە بە بناغەی بەرپرسیاریەتی نێودەوڵەتی و لە تەوەری دووەم باسمان لە بەرپرسیاریەتی تاوانکاری دەوڵەتکردوە بۆ گەیشتن بە ئامانجەکان، دەربارەی چۆنیەتی دادگای کردنی ئەو کەسانەی سەر بە ڕێکخراوی دەوڵەتی ئیسلامی لەعێرق و شام (داعش)وە تاوانی جینۆسایدیان دەرهەق بەگەلی عێراق بەگشتی و گەلی کورد و کەمەنەتەوەکانی تر ئەنجام داوە.وە گەیشتینە ئەوەی کە ناتوانرێ لەکاتی ئێستا سکالا بەرز بکرێتەوە لەدادگا بەهوی ئەوەی کە ئەو کەسانە تاوانی جینوسایدیان ئەنجام داوە ئەمەش لەبەر ئەوەی دەوڵەتی عێراقی تا ئیستا بەشدار نەبوەو پەسەندی پەیرەوی بنەرەتی دادگای تاوانکاری نێودەوڵەتی نەکردوە.



**الخلاصة**

لقد مرت المسؤولية الدولية بمراحل مختلفة تمتد من العصور القديمة مرورا بالعصور الاسلامية الى العصر الحديث و اصطبغت المسئولية الدولية بصفات كل مرحلة من مراحل التطور حتى تبلورت في الصورة الحديثة وفقا لإتجاهات و مقتضيات العمل الدولي.تتناول هذا البحث حول المسئولية الجنائية الدولية عن ارتكاب جرائم الابادة الجماعية، حيث قسم البحث على محورين رئيسين، خصصنا المحور الاول لإساس المسئولية الدولية و بحثنا في المحور الثاني المسئولية الجناية.وذلك للوصل الى النتائج حول كيفية محاكمة الاشخاص المنتمين الى تنظيم الدولة الاسلامية في العراق والشام

(داعش) الذي ارتكبوا الجرائم الابادة الجماعية بحق الشعب العراقي عموما و الشعب الكوري والاقليات الاخرى في العراق.وتوصلنا الى ان في الوقت الراهن من الصعب رفع الدعاوي ضد اولئك المجرمين بسبب اقترافهم لجرائم الابادة الجماعية وذلك لعدم انضمام الدولة العرقية للنظام الاساسي للمحكمة الجنائية الدولية.

**Abstract**

The international responsibility has passed through various stages from ancient times through the Islamic ages to the modern era. International responsibility has assumed the characteristics of each stage of development until it has crystallized in the modern picture in accordance with the trends and requirements of international action. This research deals with the International criminal responsibility for genocide, where we divided the research on two main axes, we devoted the first axis of the basis of international responsibility and our research in the second axis of criminal responsibility. This is to reach the results on how to prosecute persons belonging to the organization of the Islamic State in Iraq and Sham (ISIS) Facilities genocide against the Iraqi people in general and the Korean people and other minorities in Alaric. otouselna that at the present time is difficult to raise lawsuits against those criminals because of committing crimes of genocide because the Iraqi state do not join Statute of the International Criminal Court.

**Keywords**: The international responsibility, the International Criminal Court, genocide.